# پراگمازمانیی چەمکی ژن لە شیعرەکانی مەولەویدا

پ. د. شیلان عومەر حسێن

زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زمان – بەشی کوردی

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/١٠/١٢** **ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٠٦/٢٢**

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە چێوەبەندیی چۆنێتی دۆزینەوەو پەسنکردنی ڕۆڵی پراگمازمانیی لەناو دەقە ئەدەبییەکان و شیکردنەوەو پەیدۆزی بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی واتا دەکات. پراگماتیک و ئەدەب هاوبەشن لە پەیوەندییان بە بەکارهێنەرانی زمان و شێوازی بەکاربردنی زمان و چۆنێتی گەیاندنی واتاوەو ئەمەش خاڵی یەکانگیربوونی ئەم دوو بوارەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە مەبەستێتی کنەکردن و پشکنین بۆ پراگمازمانیی چەمکی ژن لە شیعریی مەولەویدا بکات، بەپێی بنەماکانی زانستی پراگمازمانیی و کارلێك و کاردانەوەکانی پەسنبکات و ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو واتاو مانا شاراوانەی لە پشت وشەو زاراوەو دێرە شیعرەکاندا هەن، کە بە ناڕاستەخۆ شاعیر ئاماژەیانپێدەدات، ئەمەش بەهۆی ڕستێك ئاماژەی پراگمازمانییەوە دەبێت ، چونکە پراگمازمانی زانستی زمانی دەقەو ئەو زانستەیە لە چۆنێتی وابەستەیی پەیوەندیی هێمای زمانی بە بەکارهێنانەکەی دەکۆڵێتەوە. لەمەشەوە ئەم توێژینەوەیە مەبەستێتی بەپێی تیۆری پراگمازمانی لە ئەدەبیاتناسیی کارەکیدا بەگشتی و لە دەقی شیعری مەولەویدا بەتایبەتی بتوێژێتەوەو تیشکبخاتەسەر ڕەهەندە دەروونیی و فەرهەنگیی و کولتوریی و کۆمەڵایەتی وپەروەردەیی و...کە دروستەو پێکهاتەی شیعری مەولەوی تەنیوە و بەهۆیەوە دنیابینی و بیرکردنەوەی شاعیر لەمەڕ چەمکی ژن پەسندەکات.

بۆ ئەمەش گریمانەی لێکۆڵینەوەکە بەم پرسانە دەخەینەڕوو: پراگمازمانیی چییە؟ چۆن بەپێی سیمیۆپراگماتیك دەقی شیعریی شیدەکرێتەوە؟ بۆچی هۆکارە دەوروبەرییەکانی وەك( بۆنەی وتن، کات، شوێن، هاوبەشیکارانی ئاخاوتن، مەبەست، نیازو خواست..)، کاریگەرییان لەسەر هەردوو کردەی بەرهەمهێنانی زمانی و کردەی لێکدانەوەی زمانی هەیە؟ چۆن واتای شاراوەی پشت کەرەستە زمانییەکان هەڵبهێنجێنین، کەرەستەکانی دیاریکردنی واتای پەنامەکی لە شیعردا چین ؟...تاد..

**وشەی سەرەکی:** پراگماتیك، ئەدەب، پراگمازمانیی، سیمیۆپراگماتیك، کردەی قسەیی.

## پێشەکی:


توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پراگمازمانیی چەمکی ژن لە شیعرەکانی مەولەویدا)یە، گرنگی توێژینەوەکە بریتییە، لە دیاریکردنی دنیابینی و تێڕوانینی باڵایانەی مەولەویی بۆ ژن و پێگەو ڕۆڵ و بەهای ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کە ئەم بوارەی کارکردن لەم بارەیەوە کەمترین کاری لەسەر کراوە. ئامانج لە توێژینەوەکە ئەوەیە، کە بگات بەوەی ژن بە درێژایی مێژووی کورد پێگەی باڵاو شایستەی هەبووەو ئەمەش چۆتە قوڵایی هەست و نەست وبیرکردنەوەو پەیبردنەکانی تاکی کورد و شاعیرەکانمان نموونەی بەرجەستەی ئەم چەمکەن، گریمانەی توێژینەوەکە، چەندین پرسی لە دوو توێی شیکردنەوەکاندا وروژاندووەو هەوڵدراوە بە پاسادانی زانستی گریمانەی لێکۆڵینەوەکە ئەزموونبەندبکەین، دەقی شیعری مەولەوی کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەیەو بۆ پەیدۆزی ڕەوشی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی پەسنی – شیکاریی بەکاربراوە و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

### 1/1پراگمازمانیی:Pragmalinguistics

لەسەرەتاکانی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردووەوە چۆنێتی گرنگیدان و لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی گۆڕانکاریی زۆری بەسەرداهات، لێکۆڵینەوە لە زمان ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت و زمانەوانان سەرنجییان لە خاڵی پێڕەوبەندانەی – دروستەییی زمانەوە، بۆ زمان لە کردە و دەوروبەرەکاندا گواستەوە، بە واتایەکی تر ئاڕاستەی کارکردن لە زماندا وەك پێڕەوێکی شێوازبەندانە/فۆرمەڵ گۆڕا بۆ ئاڕاستەی زمان وەك یەکەیەکی پەیوەندیگرتن، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی بوارە نوێیەکانی

زمانەوانی: وەك( زمانەوانیی دەروونی، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زمانەوانیی دەمارزانی، زمانەوانیی پەروەردەیی، زمانەوانیی دادوەریی و....تاد).

پراگماتیك یەکێك بوو لەوبوارانەو بەردەوام لەگەشەکردندایەو پەلوپۆی بۆ هەموو زانستەکان کێشاوەو ڕەگی لەهەموو زانستەکاندا داکوتاوەو بەزانستی فرە زانستی ناوزەدکراوە، یەکێك لە لقەکانی پراگماتیك پراگمازمانییە، Leech (1983) جیاوازیکردووە لە نێوان پراگمازمانیی(لێکۆڵینە لەواتا کەفۆرم و ستراتیژی زمانە جیاوازەکان دەگەیەنرێت)، یاخود پشکنین بۆ پەیوەندی نێوان فۆرم و ئەو واتایەی کە دەیگەیەنن دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ سۆسیۆپراگماتیك کە پشکنی ن بۆ دابەشکردنی جووتە ی فۆرم/واتا لەچوارچێوەی جیاوازداو تا چەند دەگونجێت لەگەڵ ئەودەوروبەردا دەکات، واتە (لێکۆڵینە لە پەیبردن و درکپێکردنی بەکاربەران بۆ هۆکارە دەوروبەرییەکان، کە وەك نۆرم و پێوەرە کولتوریی و کۆمەڵایەتییە هەستپێکراوەکان، کە بنەمای لێکدانەوەی ئەنجامدانی کردە پەیوەندیدارەکانن، ئەم دوو بوارەش کردەی قسەیی، ئاماژەکان، ڕێزگرتن، بەخشکەیی دەربرین..لەخۆدەگرێت(Haugh, M.; Kádár, D.Z. ، 2021، 5).ئەمەش زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هەیە بڕوانە، هێلکاری(1:(




هێڵکاری(1) لقەکانی پراگماتیك لە ( Haugh, M.; Kádár, D.Z) وەرگیراوە

پراگمازمانیی بریتییە لە بایەخدان بە لایەنی بەکاربردنی یان کارەکی زمان بەوەی ئاخێوەران مەبەستیان چییە لە ئاخاوتنەکانیان(جۆرو چۆنێتی و شێوازی هەڵاوێرکردنی دەنگ و وشەو زاروەو ڕستەودەربڕاوەکان )و ڕادەو بڕو چۆنێتی کاردانەوەو کاریگەری وەرگران بەرامبەر بەو وشانەی کەدەیبیستن و خودی وشەکان و ئەو واتایانەی کە دەیگەیەنن) لەخۆدەگرێت، " پراگمازمانیی بریتیە لەو زانستەی کە لێکۆڵینەوە لە زمان و لە پەیوەندی بە بەکاربەرانییەوە دەکات"( Abdugaffarova.، 2011، 4)، بابەتی پراگمازمانیی هەموو ئاستەکانی "(فەرهەنگی، ڕێزمانی و ڕەوانبێژی) یەکە زمانییەکان دەگرێتەوە، کە گوزارشتە لە ڕووکارە جۆراوجۆرەکانی کردەی قسەیی کە توانای ئەوەیان هەیە وەك هێمای واتایی خزمەت بکەن(Allahverdiyeva A.M "

پراگمازمانیی زانستێکی فرەزانستییەو هەموو زانستەکانی تر تانوپۆی بونیادی دەنەخشێنن، ئەم زمان وەك هۆکارێکی پەیوەندیگرتنی مرۆیی دەناسێنێت. یاخود پراگمازمانیی "بریتیە لە لێکۆڵینەوە لەو بڕیارانەی بەکارهێنەرانی زمان دەیدەن و ئەو ئاڵانگارییانەی لەکاتی بەکاربردنی زمان لەکارلێکی کۆمەڵایەتیدا ڕووبەڕوویاندەبێتەوەو کاریگەریی ئەم بەکاربردنە لەسەر هاوبەشیکارانی دیکە لە کردەی پەیوەندیگرتندا "( Allahverdiyeva، 2020، 13).

D. U. Ashurova بەم شێوەیە پێناسەی پراگمازمانیی دەکات، بەوەی ئاراستەیەکی زمانەوانیی پەیوەندیگرتنەو زانستێکە لە هۆکارە زمانییەکان لە بواری چالاکی مرۆیی دەکۆڵێتەوە لەگەڵ جەختکردنەوە لە هۆکارە دەروونیی و ئاوەزیی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان ،وەك ڕووکاری گۆکردنی زمانیی. یاخود زانستی بەکارهێنانی زمانە یان زانستی لێکۆڵینەوەیە لە زمان لەناو

گوتاردا، یان زانستێکە لە هۆکارە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە بەپێی لایەنی مرۆڤناسی و فەرهەنگی مرۆڤ، .Y.D . Apresyanهەموو پێناسەکانی پراگمازمانیی کەلەسەرچاوەو ژێدەرەکان ئاماژەیان پێدراوە، بەم شێوەیە پوختکردۆتەوە (.Haugh.; Kádár, 2021، 1). پراگمازمانیی پەیوەستە بە بایەخبەندی هۆکاری مرۆیی.

.2پەیوەستە بە ڕوکاری گۆکردنی و بارودۆخی دەوروبەر و بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەرێکدا.

.3گرنگیدانە بە کارلێکە کاریگەرەکانی نێوان هاوبەشیکارانی ئاخاوتن لە پەیوەندیگرتندا.

.4لەگرنگترین چەمکەکانی پراگمازمانیی: بارودۆخی پەیوەندیگرتن، نیازو مەبەستی پراگماتیکی، نێرەرەو وەرگر، کردەقسەییەکان.

پراگمازمانیی هەڵقوڵاویی زمان و پراگماتیکە پێکەوە، خودی زمان پێرەوێکی هێماییەو ئەو هەبووە خولقێنەرەیە کە مرۆڤ بیرو بۆچوون و هەست و نەست و نیازو مەیل و بیر و بیرکردنەوەو...تاد، هەموو ئەمانە کە لە ئاوەزدا گەڵاڵەبوون، بەهۆیەوە بەرجەستەدەکات و بەهێمایاندەکات و دەریاندەبڕێت، لەوەش گرنگتر ئەو ڕێگەو شێواز و ڕێکارانەیە کە چۆنێتی و چەندێتی و جۆرێتی بیرەکەی پێدەردەبرین و دەکەوێتەوە سەر چۆنێتی بەکاربردنی زمان و بەکارهێنانی بەپێی دەوروبەرەکان، کە بە زانستی پراگماتیك ناسراوەو لقێکی زمانەوانیی کارەکییە، واتە کاریگەریی دۆخی وتن لەسەر واتای وتن بە پراگماتیك ناسێنراوە. زانستی پراگماتیك/ مەبەستناسی، زانستی درکپێکردنی مەبەستی وتن و هۆکاری هەڵاوێرکردنی بژاردەکانە، کە بەبەکاربردنی زمان بەپێی بۆنەی وتن و هاوبەشیکەرانی ئاخاوتن و کات و شوێن و...تاد، دەگرێتەوە، زمان بیرێکی گۆکراوەو پراگماتیکیش وەك ئاستێکی زمان ڕێگای چۆنێتی و چەندێتی و جۆرێتی بەکاربردنی زمانە بۆ گەیاندنی ئەو بیرە جا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پەنهان یان ئاشکرابێت، زمان بە دوو ڕێگە واتا دەگەیەنێت، هەردوو ڕێگەکە بە کولتورەوە پەیوەستن و بەستراونەتەوە پێوەی، یەکەمیان لە ڕێگەی ئەوەی کە دەیڵێت یان وەك ئاماژەدانێکە بە هێمای کۆدکراو (سیمانتیك)، دووەمیان لە ڕێگەی ئەوەی وەك کردەیەك لە دەوروبەردا بەئەنجامی دەگەیەنێت (پراگماتیك)، " پراگماتیك ئەو ڕوکارانەی واتای دەربڕاوەکانە کە ڕاستەوخۆ ناتوانین بەهۆی ئاماژە ڕاستەوخۆکان ڕاڤەی واتایان بکەین"(Gadzar، 1979، 2)، هەرکات زانیارییە سیمانتیکییەکان نەیانتوانی واتای دەربڕاوەکان بە پراوپڕی لێکبدەنەوە زانیاریی پراگماتیك دەبنە تاقیگەی ڕاڤەی واتایی دەربڕاوەکان و واتایان پێهەڵدەگواسین، بە واتایەکی تر لەڕێی زانستی پراگماتیکیەوە دەتوانین بەهۆی پێرەوی جفرەلێدان و جفرەلێکدانەوەوە نیاز و مەبەستی ئاخێوەران و بیرو چۆنێتی بیرکردنەوەیان دیاریبکەین و ئاوەزمەندییان پەسنبکەین.


T. van Dijkسێ لایەنی جیاکردەوە، سینتاکس و سیمانتیك و پراگماتیك، پراگماتیکی بەم شێوەیە ناساند:"لەکاتێکدا ئامانجی سینتاکس و سیمانتیك و پێگەیان لە ڕێزماندا تاڕادەیەك بەڕوونی دیارە، پراگماتیك پرسێکی دیاریکراو نییەو سروشی خۆی لە فەلسەفەی زمان و شیکاری گوتارو کردەی قسەیی و جیاوازیی کولتوریی لە کارلێکی پەیوەندیگرتندا وەردەگرێت"( Haugh,; Kádár,، 2021، 7 ).

**1/2مۆدێلەکانی پراگمازمانیی:**

**1/2-1سیمیۆپراگماتیك:**

بەوپێیەی دەق/ئاخاوتن هۆکاری کارلێکی کۆمەڵایەتییە، پراگماتیك یەکێکە لە پارامیتەرە سەرەکییەکانی دەق، پراگماتیك بەوەی ڕووبەری کنەکردنی هێمالۆژی و زمانەوانییە. کە لێکۆڵینەوە لە گۆکردنی جیاوازی هێما زمانییەکان لە ئاخاوتندا دەکات، Morrisلە سییەکانی سەدەی ڕابردوو پراگماتیکی وەك یەکێك لە سێ لقەکەی هێمالۆژی ناساند، ئەو پەیوەندی هێماکانی بە بەکاربەرانەوە بە پراگماتیك پەسنکرد، بەوەی پراگماتیك زانستی پەیوەندی هێماکانە بە لێکدەرەوەکانی. خودی هێمای زمانی یەکەی پێکهێنەری هێمالۆژییە، هێمالۆژیی زاستی لێکۆڵینەوەیە لە هێما، پێکهەڵبوونی فۆڕم(هێما) و هەبوو(هێمابۆکراو)و ئەو پەیوەندییەی لەم نێوەندەدا بەرهەمدێت کە بە واتا ناونراوە لەخۆدەگرێت، بەواتایەکی تر هێمالۆژی لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە هێماکان چۆن بەکاردەهێنرێن و چۆن زانیارییەکان تییاندا هەڵدەگیرێن ؟ چۆن زانیاری دەگوازنەوەو چۆن هێماکان شێوەی جۆراو جۆر وەردەگرن، وەك وشەو وێنەو ...؟

هەر هەبوویەك گوزارشتو دەربڕی هەبوویەکی جیا لەخۆی بێت بە هێما دەستنیشانکراوە، یان هێما بریتیە لەو نیشانانەی کە مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەری بە خواستو ویستی خۆی داناوە، بۆ مەبەستی جیاکردنەوەیان لە یەکتر، یاخود هێما هەر هەبوویەکە کە واتا دەخولقێنێت، سۆسێر دەڵێت:"هێما یەکەی بنەڕەتی واتایەو لەدوو بەش پێکهاتووە: ا. هێما، کە فۆڕمی هێماکە پێکدەهێنێت، دەگونجێت، دەنگ، وشە، ئاماژە، ژمارە، وێنە ، زمانی جەستە، نیگار، پەیکەر..بێت. ب. هێمابۆکراو، کە چەمکی هێمایە، یاخود ئەو بابەتەیە کە هێما دەینوێنێت، ئەمەش دەگونجێت ڕوداوێکی کەتواری بێت، یان هۆشیارکردنەوەیەك، یان بابەتێکی نابەرجەستەبێت"( حسێن،2021، 53). بڕوانە هێڵکاری:(2)






SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هێڵکاری (2) پێکهاتەی هێما

هێماکان بەپێی جۆری پەیوەندییان جۆری واتاکانیان دیاریدەکرێت، هەموو هێمایەکی زمانی ئەم پەیوەندییانەی هەیە:




هێڵکاری(3) جۆری پەیوەندی هێما

مەبەستی سەرەکی لە پەیوەندیگرتن گەیاندنی واتایە، دەوروبەر بریتیە لە لەو ناوچەیەی کە قسەکردن یان ڕووداوی تێدا ڕوودەدات، بۆیە واتا بنەمای زمانەو دەوروبەریش بریتیە لەو جێکەوتەیەی واتای تیادا بەدەستدەهێنین، چونکە واتاو دەوروبەر وابەستەی یەکن، بەبێ دەوربەر واتای تەواوی کەرەستەزمانییەکان پڕاوپڕنین لەمەشەوە دەوربەر بەشێکە لە واتا.

هێما پەیوەست بە واتاوە سێ پێکهاتەی هەیە: ا. نواندنی/ نوێنەرایەتی هەر شتێکە کارلێك لەگەڵ هەبوویەکدا بکات و لەئەگەرەکانەوە سەرهەڵدەدات(چەمك و ئەگەرەکان چۆن پێکەوە گرێدراون).ب. هەبووی(کۆنکرێت و ئەبستراکت)لە واقیعەوە سەرهەڵدەدات(شتێك وەك خۆی لەبەرچاوبگیرێت).پ. لێکدەرەوەیی، لە ئەگەری نیشانەی داهاتووەوە سەرهەڵدەدات ئەمەش پەیبردن و بیروباوەڕەکانمان بە سیفاتەکانەوە دەبەستێتەوە.

بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی هێما، Peirce ئەم سێ جۆرەی دیاریکردووە( Khniab ، 2023 ، 29):

یەکەم: نما/ئایکۆن: Icon وشەی ئایکۆن" لەبنەچەدا گریکییەو لە ( eikenaiy )هاتووە، بە واتای (هاوشێوەیی) یاخود(وەکو)دێت ، واتە ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی ئایکۆن لە گریکەکانەوە سەریهەڵداوە بە واتای وێنە ( Elkwv) و لێکچوو یان نموونە دێت" (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ١٤-١٥)، جۆرێکی هێمایە وەك وشەو هێمای گرافیکی، کە لە شێوەو فۆرمەکەیەوە پێشبینی واتاکەی دەکرێت. نواندی بەرجەستەییانەیان هەیە بۆ ئەو هێمابۆکراوانەی کە ئاماژەیانپێدەدەن، وێنەگرتن نموونەیەکی زیندووی ئەم چەشنەیە. ئەم چەشنە بە هێمای وێنەیی دانراون، بریتین لەو هێمایانەی وەك وێنەیەکی لەیەکچوو هەمبەر بە چەمکێك بەکاردەهێنرێن، کە لە نێوان فۆرمی وێنەکەو چەمکی هێماکەدا لێکچوون هەیە، وەك کێشانی وێنەی ڕوخسارێك لەگەڵ خودی ڕوخسارەکەدا، خودی ئایکۆنیش ئەم چەشنانەی لێدیاریکراوە: ا. وێنەی ئاوەزیی image بریتیە لەو وێنەیەی لەئەنجامی تایبەتییە گشتییەکانو سیفاتو زانیارییە هەستییەکانەوە لەگەڵ هەبوومەکەدا ڕەنێودەهێنرێت. ب. میتافۆڕ، نواندنی تایبەتییە

بەرجەستەییەکانی هەبووەکانە، بە نواندنێکی پەیکاڵییانە لە هەبوویەکی تردا. پ. نماداrdiagram، ئەمان لەگەڵ هەبووەکاندا پەیوەندیو دروستە نیشاندەدەن، وەك نەخشەی خانوویەك نماداری خانووەکەیە بەبەرجەستەیی.

دووەم: ئاماژەIndex ، بەڵگەیە بۆ ئەو شتەی دەینوێنێت/ئاماژەی پێدەدات، ئەمانیش بە هێمای ئاماژەیی پەسنکراون، بریتین لەو هێمایانەی کەلەنێوان هێماکەو چەمکەکەیدا وابەستەییەکی لۆژیکیو تەواوکاری هەبێت، وەك بوونی شوێنپێ ئاماژە بە خاوەنەکەی دەدات.

سێیەم: هێما/ ا. هێمای سەرپشکیSymbo ، بریتین لە جۆرەی هێما کە لەنێوان هێماو هێمابۆکراودا هیچ پەیوەندییەك نییەو پێویستە بۆ زانینی واتاکەیان بە فێربوون وەریانبگرین، لەنێوان هێماکەو چەمکەکەیدا پەیوەندییەکی کۆکبوو هەیە، واتە دەبێت کۆکبوونی کۆمەڵایەتی لەسەربێت، وەك هێماکانی هاتوچۆ، کۆتری سپی هێمای ئاشتییە، ئاڵای سپی هێمایە بۆ خۆبەدەستەوەدان، ژمارە، پیت .

ب.هێمای بەخورتی: وەك هێما زمانییەکان(وشە سادەکان جگە لە وشە دەنگەناوەکان/ئۆنۆماتۆپیا).

پوختەی بیرۆکەکانی پێرس بریتین لە:

1.نواندن/ئایکۆن، سەرەکییەکانن، هەستکردن و تایبەتێتی لەخۆدەگرێت.

2.پەیوەندی لەگەڵ هەبوودا پەیوەستە بە پەیوەندی لەگەڵ ئاماژەدا، دووەمینن، کاردانەوە دەنوێنێت.

3.لێکدەرەوە/ هێما وبیرکردنەوە و یاساو دروستەکان بەرجەستەیدەکەن.

بۆ پەیوەندی هێما بە بەکاربەرانییەوە پێویستە ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگیرێن:

1. ئامانجی ڕاشکاوانەو پەنامەکییانەی دەربڕینەکان(پەیامی هەندێك زانیاری یان بۆچوون، داواکاری، پرسیار، فەرمان، ئامۆژگاری، بەڵێن، داوای لێبوردن، سڵاو، گلەیی، ..

2. یاساکانی گوتار بەپێی بنەمای پێڕەوی دروستەی ئاخاوتن و لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ناردنی زانیاری دروست، بەباشترین جۆرێتی گەیاندن.

3. ژێدەری وەرگر کەبەهۆی زمانەوە گوزارشت لە واقیع دەکات.

4. هەڵسەنگاندنی ئاخێوەر لەسەر بنەمای پاشخانی زمانیی بەگشتی، وەك تێڕوانین و دیدگا، بەرژەوەندی ، مەیل و خواست، باری دەروونیی و هەڵوێست...

Hyland (2000) ، بۆ ئەمەش سەرنجمان بۆ دوو بابەتی پەیوەندیدار بە زمانەوە ڕادەکێشێت: پێویستیی چوارچێوەی بارودۆخ بۆ بەکارهێنەرانی زمان و گرنگی ڕێز لەبەرکەوتنی زمانیدا، لێرەدا پێویستمان بە دوو پۆلە ڕەگەزە: یەکەمیان باردۆخی زمانیی کەجۆری دەوروبەرە زمانییەکانی وەك(دەنگیی ، وشەیی و ڕستەیی) و دووەمیان بارودۆخی دەوروبەرییە کە دەوروبەری (دەروونیی، ئەبستیمی، کۆمەڵایەتی، فیزیکی و ڕۆشنبیری)لەخۆدەگرێت. جێناوەکان نموونەیەکی دیاری هەردوو چەشنەکەن، بڕوانە( Khniab، 2023 ، 31).

**1/2-2پراگماتیك:**

زمان بۆ پەیوەندیگرتنە، مرۆڤەکان زمان بۆ گەیاندنی بیرو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەکاردەهێنن، پێویستە هەر ئەرکێکیش لەم پەیوەندیگرتنەدا لە دەوروبەرێکدا جا کەسیی یان کۆمەڵایەتی بێت بەرجەستەبکرێت. لە کردەی پەیوەندیگرتندا ئاخێوەری زمان دەبێت ئەم دوو لێهاتوویییەی هەبێت" کۆزانین بە هەموو شێوەکانی ئەو زمانەی بەکاریدەهێنن.2. چۆن ئەو کۆزانیارییانە لە بەرهەمهێنان و هەڵهێنجانی واتادا بەکاردەهێنن"( Salmani، 1995، 33) ئەمانەش ئەوە دەگەیەنێت کە قسەکەران دەبێت توانای کارلێککردنیان لەدەوروبەرەکاندا هەبێت، خودی دەوروبەر دوو ڕووکاری هەیە، کەسی و کۆمەڵایەتی، هەردوو ئەم ڕووکارە دەبێت بۆ شیکردنەوەی زمان لەبەرچاوبگیرێن، بەپێی Levinson (1983) پراگماتیك و شیکردنەوەی ئاخاوتن و

شیکاری گوتار بۆ لێکدانەوەی ڕووکارە کەسییەکانە، لەمەشەوە (2012) Lawal لێکۆڵین لەو هۆکارانەی کە هەڵاوێری بژاردە زمانییەکانمان بەپێی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەرئەوانی دی دەکەن، بە پراگماتیك داناوە .

پراگماتیك لە زمانێك(مەبەست و واتای دەربڕاوێک) دەکۆڵێتەوە کە ڕاستەوخۆ دەربینابڕین، بە واتایەکی تر پراگماتیك لە ماتەزمانێك دەکۆڵێتەوە کە بریتیە لە ئاماژەی پەنهان و مەبەستی شاراوەو واتاچڕکراوەکانی پشت وشەو دەربڕاوەکان و...تاد و پراگماتیك سەرنج دەداتە شێواز و چۆنێتی و لێکەوتەکانی ئاخێوەرو کردەی قسەیی بەشێکی دانەبڕاوە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەکان. پراگماتیك بەکارهێنانی زمانە لە دەوروبەرداو هەڵهێنجانی واتایە لە دەوروبەرەوە، لەمەشەوە دەوروبەر بە بڕبڕەی پشتی واتا دیاریکراوەو دەوروبەر ئەو زەمینەیەیە کە پەیوەندیگرتنی تێدا ڕوودەدات، دەوروبەریش جۆراوجۆرەو (Lawal, 1995)، ئەم جۆرانەی لێدەستنیشانکردووە(.Olaleye ، 2015، 48):

**1 دەوروبەری زمانیی:** بریتیە لە زەمینەی پەیوەندیی نێوان وشەو دەستەواژەکانی یەك دەربڕاو.

**2 دەوروبەری بارودۆخی:** پەیوەستە بە بابەتی گوتارو هۆکاری ڕوداوە فیزیکییەکان، لەوانەش کەسەکان، شوێن، ئامانجە بەرجەستەکان.

**3 دەوروبەری دەروونی:** ئاماژەیە بە پێشینەی مەزاج و هەڵوێست و بیروباوەڕی خودیی کەسی بەکارهێنەری زمان.

**4 دەوروبەری کۆمەڵایەتی:** پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان کەسی هاوبەشیکارانی ئاخاوتن.

**5 دەوروبەری کۆمەڵایەتی – کولتوریی:** زەمینەی فەرهەنگیی و مێژوویی ڕووندەکاتەوەو پەسنیدەکات.

**6 دەوروبەریی گەردوونیی:** ئەمەیان فراوانترو گشتگیرترەو چونکە ئاماژە بە دنیابینی بەکارهێنەرانی زمان دەدات بۆ جیهان و بوون و گەردوون.

زانیاریی هاوبەشی پێشینەی ئەو دەوروبەرانە لەگەڵ زەمینەی دەروونیدا سکێمای کردەی قسەیی پێکدەهێنن. خودی پراگماتیك لێکۆڵینەوەیە لە توانای بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەری گونجاودا لەلایەن بەکاربەرانی زمانەوە، بە واتای ئەوەی توانست وتوانای پەیوەستکردنی وشەو ڕستەو دەربڕاوەکانە بە بارودۆخەکانی وتنەوە کە گونجاوە بۆیان، خودی پراگماتیك زۆر سەرباس لەخۆ دەگرێت وەك(نیشانەی پراگماتیکی، گریمانەی پێشینە، بەخشکەیی دەربڕین، ڕێزگرتن و کردەی قسەیی( لێکۆڵینەوەیە لە چۆنێتی بە کردەکردنی ئاخاوتنەکانمان))، ئەم تیۆرە گرنگی بە گۆکردنی زمان دەدات، لەمەوە دەتوانین پەیوەندیگرتن بۆ زنجیرەیەك کردەی قسەیی و کردەی پەیوەندیگرتنی شیتەڵبکەین، هەموو ئەم کردانەش بۆ مەبەستێك بەکاردەبرێن.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم مۆدێلانەی پراگماتیك لە شیکردنەوەکاندا بەکاربراون، ئەوانیش:

**1 کردەی قسەیی:**

کردەی قسەیی کاراترین بوارە لە پراگمازمانیدا، ئەم کردەیە پرۆسەی ڕاستەقینەی پەیوەندیگرتن پەسندەکات، کە سێ پێکهاتە تانوپۆی دەنەخشێنن، ئەوانیش: ناوەڕۆکی زانیاری، کاریگەریی لەسەر هاوبەشیکاران، بەڕێوەبردنی چالاکییەکان، چەمکی کردەی قسەیی بۆ کنەکردن و پشکنینی قوڵایی پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتایە. بۆ ئەمەش تیشکخراوەتە سەر گفتوگۆ و دیارترین ڕێبازیش بۆ ئەمە بریتیە لە شیکاری گفتوگۆو شیکاری گوتار، شیکاری گفتوگۆ، پەسنکردنی سروشتی زمانی گفتوگۆیە، دیاریکردنی تایبەتێتی و چۆنێتی بەکاربردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا، دووەمیان شیکردنەوە لە چۆنێتی خستنەتەکیەکی ڕستەکان(لەزمانی ئاخاوتن/ نووسراودا) بۆ بەرهەمێنانی یەکەیەکی گەورەتری واتاداری وەك پەڕەگراف و گفتوگۆو چاوپێکەوتن و ...

Searle (1976ئەم پۆلانەی بۆ کردەی قسەیی دیاریکردووە، ( Khniab، 2023 ، 31 ):

**1 مۆدێلی: Austin (1962**

سیرێل کە قوتابی ئۆستن بووە هەوڵیدا کارەکانی ئۆستن ڕێکبخات و بەپێرەوی بکەن، یەکێك لەو کارە گرنگانەی کە کردیان تیشکخستنە سەر جۆرەکانی کردەی قسەیی بوو، چونکە ئەم باوەڕیوابوو، کە ژمارەیەکی بێکۆتا کردەی قسەیی هەن و لەمانەدا چڕکراونەتەوە:

**1 پابەندیی:** وابەستەکردنی قسەکەرە بەچەند کردەیەك کەبیکات، کردەیەکی گۆکراوە: وەك: پەیماندان، بەڵێندان، هەڕەشەکردن، پێشکەشکردن، کە ئاخێوەر پابەندی کردەیەك دەکات .

**2 پێراگەیاندن:** کردەیەکی قسەییە، بریتیە لە جاڕنامەی کردەیەك،کە دۆخی ئاخێوەر دەگۆڕێت، : وەك ژنهێنان، وازهێنان، شەڕکردن، قەدەغەکردن، خەملاندن، بەرزنرخاندن، قەدرزانین، نمرەدانان، وەك من ڕازیم ئەم کچە ببێت بە ژنم.

**3 ڕێنمایی/ئاڕاستەکرن:** ئەرکێك دەخاتە سەر وەرگر بەکردنی شتێك، هەوڵێکە لەلایەن قسەکەرەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەك بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارێك، وەك: داواکردن، فەرماندان، سواڵکردن پێشنیازێك. بۆ نموونە: بۆ پەنجەرەکە داناخەیت .

**4 گوزارشتکردن:** بریتیە لە دەربڕینی بارێکی دەروونی، کە قسەکەر هەست و مەیل و ویستی خۆی دەربارەی شتێك دەردەبڕێت، وەك: داوای لێبوردن، گلەیی، سوپاسکردن ، وەك بەخێرهێنان، پێشوازیکردن، پیرۆزباییکردن، دەستخۆشیلێکردن، بۆ نموونە: خواردنەکەتان بەتام بوو.

**5 نوێنەر/ وەسفکار:** کردەیەکی قسەییە کەباس لە حاڵەتەکان یان ڕوداوەکان دەکاتەوەو قسەکەر پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەربڕاوەکەوە دەکاتەوە، وەك: ئیدیعایەك، جەختکردنەوە، نکوڵیکردن، دووپاتکردنەوە، جەختکردنەوە، سوربوون، هاوڕابوون، گەیشتنەئەنجام.

لە کۆمەڵێك وتاری ئۆستندا بەناوی (چۆن کارەکان بە وشەکان بەئەنجامدەگەیەنین)، کە لە دوای مردنی بڵاوکراونەتەوە، بەپێی لیڤینسۆن (1983)، ئۆستن سێ چەشنی واتا لە دەربڕینی شتێکدا لای مرۆڤ جیادەکاتەوە، بۆیە سێ جۆر کردە لە هەمانکاتدا بەئەنجامدەگەیەنرێت، واتە هەر وشەیەك کە بەرهەمدەهێنین و دەریدەبڕین، سێ کردەمان بەئەنجامگەیاندووە، بریتین لە(Al-Hindawi، 2019، 402):

**1 کردەی گوتاریی/ واتاگۆیی :locutionary act** بەرهەمهێنانی دەربڕاوی فۆڕمدروستە لەهەر زمانێکدا کە مرۆڤ قسەی پێدەکات و مەبەستێکی واتایی لە دەربڕینەکەدا هەیە، جەختکردنەوەیە لە واتا بەواتای ئاخاوتنی ناسراوە، ئەمە واتای پیتی/ فەرهەنگی سەرەتایی دەربڕاوەکەیە.

**2 کردەی دانانی/ واتاداریی :illocutionary act** ئەرکێکی هەیە کە هێزی پەیوەندیگرتنە و هێزی گەیاندنی واتای دەربڕاوەکە لەخۆدەگرێت، ئەو واتایەی کە مەبەستمانە بیگەیەنین، بەڵام وەك تێبینی زیاتر زمانەوانەکان بە واتای دووەم بابەتی کردەی قسەیی بەکاردەهێنن. واتای نافەرهەنگی کە بەهێزی گوتاریی ناسراوە، ئەو کاریگەرییەیە کە نوسراوێك یان گوتراوێك لەسەر وەرگر هەیەتی و دەرەنجامی گوتنەکانە لەسەر گوێگران. بڕوانە (من تینووم) دەتوانێت چەند واتاو چەند کردەیەك بگەیەنێت، ئەمە بەکردەی قسەیی ناودەبرێت و بۆیە بنەمای کردەی قسەیی ئەوەیە زمان جۆرێکە لە ڕەفتارو ملکەچی ڕستێك یاسایە.

**3 واتاکاریی :perlocutionary act** کاریگەری قسەکانمان و شوێنەوارو لێکەوتەکانی لەسەر وەرگرو دەبێت بەپێی ئەو مەبەستەی کەهەیە، کاریگەری لەسەر وەرگر دروستدەکات. بۆ نموونە کە دەڵێین دەرگاکە بکەرەوە، و وەرگریش بەئەنجامی گەیاند ئەوا کردەی قسەیی ئەنجامداوە.

**2 مۆدێلی بنەمای هاریکاریی:**

Grice (1967)یەکەم کەس بووە کە چەمکی بنەمای هاریکاری پێشنیازکرد و بەپێی ئەم بنەمایە زمان بەو گریمانەیە لێکدەدرێتەوە کە نێرەر هاریکاری وەرگر دەکات لە ئاڵوگۆڕکردنی واتا بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکان یان بەزاندنی ژمارەیەك لەبنەماکان، بەزاندنی هەر یەك لەو گریمانانە بەخشکەیی دەربڕین دێنێتەکایەوە.

ئەمەش لەئەنجامی هاوبەشیکارانی ئاخاوتنەوە دەبێتو بۆ ئەمەش گرایس ئەم بنەمایانەی داناوە بۆ شیکردنەوەی ئاخاوتنەکانو هەڵهێنجانی زانیارییە شاراوەو پێچراوەکان لە ناو فۆڕمەزمانییەکاندا ،بنەمای هاوبەش لای گرایس: با گوتنەکەت هێندە بێت و لە شوێن و کاتدا بێت، بەو جۆرە بێت کە ئاخاوتنەکە دەیەوێت، بریتین لە (مەحموود،2006، 74) و(Khniab، 2023، 30):

ا. بنەمای چۆنێتی: ئەم بنەمایە دەڵێت: دەبێت زانیاری ئاخاوتنەکانمان ڕاستو دروستبنو زانیارییەك مەڵێ کە گوماناوی یان بێ بەڵگەو ناڕاستبن، وەك:

١. - مریشکەکان لەکوێن؟

+ لەکولانەکەی خۆیاندا هەڵنیشتوون.

لێرەدا بنەمای چۆنێتی پیادەکراوە بەوەی کە وەڵامی پرسیارەکە دیاریکردنی شوێنو هێنانەوەی بەڵگەش بە (هەڵنیشتوون) دروستیو ڕاستی دەسەلمێنێت.

ب. بنەمای چەندێتی: بەپێی ئەم بنەمایە دەبێت، زانیارییەکانی نێو ئاخاوتنەکانمان بەپێی پێویستیو بوارو بابەتی پەیوەندیگرتنەکەبێت، نەك زانیاری زۆر یان زانیاری کەم یان پەیوەستنەبوو بە پەیوەندییەکە بگەیەنین، بە واتا ئاخاوتنەکانمان با بەجۆرێك بێت پڕاوپڕی پەیوەندیگرتنەکە لەخۆبگرێتو بەپێی زانیاری وەرگربێت، بڕوانە:

٢. - دەفتەرە پەمەییەکەم لەکوێیە ؟

+ لەسەر مێزەکەیە.

لێرەدا بە دیاریکردنی ڕەنگی(پەمەیی) و وەڵامدانەوەی پڕاوپڕ بنەمای چەندێتی لەبەرچاوگیراوە.

بەڵام لێرەدا بەزێنراوە:

٣. - ئەو ئاڵا پەمەییە هی چ پارتێکە ؟

+من هەر گوێ بە سیاسەت نادەم.

پ. بنەمای پەیوەستبوون: یەکێتی بابەت خاڵی کرۆکی پەیوەستکردنی هاوبەشیکارانی ئاخاوتنە پێکەوە، بۆیە نابێت ئەم پنتە فەرامۆشبکرێت، چونکە ئەمە ئاکامی پەیوەندیگرتن بەرجەستەدەکات.گرنگی ئەم بنەمایە لە کردەی ئاخاوتنو تێگەیشتندا لەوەدایە کە قسەکەرو گوێگرو هاوبەشیکارانی ئاخاوتن بە ڕوداوی تایبەتەوە دەبەستێتەوەو هەموویان بۆ ئەو مەبەستە تەیاردەکات.

٤. - دابنیشە نانمان لەگەڵ بخۆ.

+ سوپاس نانم خواردووە.

(خواردن) بابەتی چەقییە لەهەردوو ڕستەکەداو بریتیە لەو چەقەی کە پەیوەندیگرتنەکەی بۆ بەئەنجامگەیەنراوە.

ت. بنەمای شێواز: ئەم بنەمایە جیا لەسێ بنەماکەی تر گرنگیو بایەخبەندیی بە شێوازو دەربڕینو ئەو ڕێگەیەی گوزارشتەکەی پێدەردەبڕدرێت دەدات، سێ بنەماکەی تر زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکی گوتنەکان دەدەن، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم بنەمایەو دەستنیشانکردنی گۆکردنی، گرایس ئەم خاڵانەی دەستنیشانکردووە:

.1دورکەرەوە لە شاردنەوە. 2. دوورکەوەرەوە لە لێڵیو تەمووومژاویی. 3. بوێرو چاونەترس بە. 4.ڕێکخراوبە. بۆ نموونە:

٥. - کەی میوانداریتان بکەین؟

+ جارێ بۆم ناگونجێت.

لێرەدا پرسێك دەوروژێت ئایا دەكرێت هەموو كاتێك لە ئاخاوتنو پەیوەندیگرتنماندا هەموو بنەماكا پێكەوە جێبەجێبكرێن؟ لە وەڵامدا دەڵێین، مەرج نییە هەموو كات و لە هەموو پەیوەندیگرتنێكدا ئەم بنەمایانە پێكە بەرجەستە بین، كە ئەمەش نەبوو بە واتا بەزاندنو لادان لە بنەماكان لە ئارادایە و هەندێك لەو زانیارییانە دەپێچرێنە ناو وتنەكانو بەمەش ڕوكاری بە پەنامەكیو پەنهانی دەربڕین لە ئاخاوتنەكەدا دێتەئاراوە، لەمەشەوە هەر بەزاندنێكی بنەماكان بەرەو بیرێكی شاراوەو پەنامەكی لە ئاخاوتندا دەمانبات.

لادان لە بنەمای چۆنێتی وەك :

٦. - كچەكەت بەلاوە چۆن بوو؟

+ تانوپۆی ئاوریشمە..

لادان لە بنەمای چەندێتی: ڕستە تۆتۆلۆژییەكان هەڵگری بنەمای چەندێتی نیین لە زماندا، وەك:

٧. درۆ هەر درۆیە، ژن هەر ژنە .

لە دەربڕاوەكانی تریشدا ئەم بنەمایە ئەگەری بەزاندنی هەیە وەك ڕستەی پرسیاربەهەمان شێوە ئەم بنەمایە دەبەزێنێت:

٨. - دوێنێ لە سەهۆڵەكە چیت دەكرد.

+ لە ماڵی مامم بووم ئەوەی لە هەواری شارە.

لێرەدا بنەمای گومان لە پرسیاریكردندا هەیەو لەهەمانكاتیشداوەڵامدانەوەكە  بە پەنامەكی دەرەخستنی زانیارییەكە كە لەو شوێنە نەبووە كە قسەكەر ئاماژەی پێداوە. بۆ لادان لە بنەمای پەیوەستبوونیش، وردەكاری زیاتری تێدایە، چونكە پێویست بە خۆلادانو خۆكەرکردنو خۆدزینەوە دەكات لە بنەماكان بە شارەزاییانە، بڕوانە:

٩. - دوێنێ لە كوێ بوویت؟

+  ئەم بەیانییە لە چایخانەكەی مام ڕەش نانێكی چاكم خوارد.

لە بەزاندنی بنەمای شێوازیشدا، بە گۆڕینی شێوازی دەربڕینو دوركەوتنەوە لە ڕوونی زانیاریی ئاشكرا نەكردنی و هەڕەمەكییانە ئاڵوگۆڕی زانیاریی دەبنەهۆی پەنامەكی پەیوەست بە لێڵی و ڕونكردنەوەی زانیارییەكانەوە. بڕوانە،

١٠. - جلە پیسەكان بشۆ؟

+ هەموو جلەكانی كەنتۆرەكەم دەرهێناو شتم.

لێرەدا نادیاریو نەخستنەڕووی زانیارییەكانو شاراوەییو نارێكخراوەیی، لەم كردەی پەیوەندیگرتنەدا دەركەوتووە.

**3 مۆدێلی Yule (1996)جۆرێكی تری پۆلێنكردنی بۆ كردەی قسەیی پێشكەشكرد، ئەویش:**

 یەكەم: كردەی قسەیی ڕاستەوخۆ/كردەی ڕوون: بەو دەربراوە زمانییانە دەوترێت كە كەرەستەی زمانی وەك(بەڵێندەدەم، پەیماندەدەم، سوێنددەخۆم، بڕیاردەدەم...) تێدا بێتو بەڕاستەوخۆیی كردەیەك بگەیەنێت، وەك:

١١. بەڵێن بێت كاتێك دەڵێت كاژێر شەش لەوێ دەبم.


لێرەدا ئەو وشانە ڕوونییان لە كردەكەدا فەراهەمهێناوەو دڵنیایی داوەتە بەرانبەر، ئەمجۆرە لە دەربراوەكان كردەكانیش بەڕێوەدەبەن و ئەو نموونانە دەریدەخەن كە چۆن وشەو كردەكان پێكەوەین.

دووەم: كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ/ كردەی ناڕوون: بریتیە لەو دەربڕاوانەی هیچ ئاماژەپێكردنێكی ڕوونی تێدا نییە، كەئەو ڕاستییە بسەلمێنێت كە ئایا ئەمە پێشبینیكردنە، یاخود پەیماندانە یان تەنها هەواڵگەیاندنە یاخود ڕونكردنەوەیە، پێویست بەوەدەكات

لە دەوروبەروە هەڵبهێنجرێت، یاخود ئەو ئەرکە سەربارانەی لە ڕستەیەك بارکراون‌و مەبەستی ڕاستەقینەن لە گوتنەکەدا پێیاندەوترێت کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، وەك:

١٢. دەتوانیت کارەکە تێپەڕێنیت.

لە هێڵکاری (4)دا، مۆدێلە هەڵبژێردراوەکانی پراگمازمانیی بۆ شیکردنەوەی داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە خراونەتەڕوو:




هێڵکاری(4) مۆدێلەکانی پراگمازمانیی

**1/3کەرەستەکانی دیاریکردنی واتای شاراوە:**

بەپێی Verschueren (1999) واتای شاراوە/ ناواخنکراو/ ماتەواتا، بریتیە لەوەی کە مەبەستە بوترێت یاخود دەخوازرێت بگەیەنرێت کە واتای وشەو ڕستەو دەربڕینەکان تێدەپەڕێنێت و بەهۆی گریمانی پێشینەو بەخشکەیی دەربڕین و ئاماژەکانەوە دەگەیەنرێت، لەمەشەوە واتای ناواخنکراو واتایەکە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئاماژەکانەوە دەگەیەنرێت و بەپەنامەکی لێیتێدەگەین بێئەوەی بەڕوونی و ڕاستەوخۆیی دەریببڕین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەوروبەری نازمانیی ڕۆڵدەبینێت لەگەڵ کەرەستەزمانییەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە لە واتا، بۆیە دەکەوێتە دەرەوەی زمانەوە، بۆ دیاریکردنی واتای شاراوە ئەم کەرەستانە دیاریکراون (El-Samir، 2022، 163) :

**1 میتافۆر:** گرنگترین و بەربڵاوترین جۆری خوازەی زمانییە، جۆرێکی واتای نافەرهەنگین(- تەنیا لە ئیدیەمە بەبەردبووەکاندا دەچنە فەرهەنگەوە وەک دڵپیس، زمان لوس...-) و واتای بارکراو وزیادەن بۆ واتا فەرهەنگییەکە، کەتیایدا شتێك، بیرۆکەیەك،

کردەیەك بە وشەیەك یان دەربڕینێك ئاماژەی پێدەکرێت و بەناڕاستەوخۆ مەبەستمان هەبوویەك یان بیرێك یان کردەیەکی ترە، وەك( گوڵ بۆ یار، شێر بۆ ئازایەتی پیاو).

**2 سینێکدۆچ**: هونەرێکی زمانیی و ڕەوانبێژییە، بەواتای بەش لە گشت دێت، واتە بەشێك لەبری گشتێك بەکاردەهێنین و بەپێچەوانەشەوە، بۆ نموونە ناو هێنانی تەنها بەشێك بە واتای گشت دێت، بۆ نموونە (هەولێر لەبری هەرێمی کوردستان، کۆشکی سپی لەبری ئەمریکا، کرملین لەباتی ڕوسیا)و بەپێچەوانەشەوە وەك:

١٢. سلێمانی خرۆشا .

**3 پرسیاری ڕەوانبێژیی:** بریتیە لە ڕستەیەك لە فۆرمی ڕێزمانی پرسیارێکدا و بۆ بەدەستهێنانی هێزێکی زیادەی گەورەترە لە جەختکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆدا، وەك (ئایا شەرمەزاری نییە)، بە واتا (شەرمەزارییە)، و وەرگر بەهۆی دەوروبەری وتنەوە دەتوانێت ئەم جۆرە لە پرسیاری ڕیزمانی جیابکاتەوە.

**4 مێتۆنیمی :**

کاتێك ناوی شتێك دەگۆڕێت بۆ ناوی شتێکی دیکەو پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە بە مێتۆنیمی دانراوە، شێوازێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئاماژەدان بەشتێك، وەك:

١٣. بوتڵ بۆ خواردنەوە، پێڵاوی بەرز بۆ ژن، ئۆفیسی هێلکەیی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا.

**5 لێکچواندن:**

بەراوردێکی ڕوون و دیارە لە نێوان دوو هەست، دوو کردار، دووشتدا، بە بەکارهێنانی وشەی(وەك) دروستەکەی دیاریدەکرێت.

**6 هێماسازیی:**

ئاماژەیە بۆ کردەی بەجەستەکردنی مرۆڤ، شوێن، شت، ڕووداو...بە فۆڕمپێدانی و ناونانێتی، یاخود بریتیە لەو کردەیەی کە بەهۆیەوە کەسێك، هەبوویەك، کردەیەك،...بیرێك یان حالەتێك دەنوێنێت. واتە وشەیەك یان دەربڕاوێکە کە ئاماژە بە کەسێك یان ڕووداوێك دەدات، کەئاماژەپێدەری شتێکە.لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشدا ئاماژە بوونی پەیوەندییە لەنێوان واتای ڕاستەقینە لەگەڵ واتای خوازراودا .

**7 ئەفسانەناسی :**

جۆرێك لە چیرۆك یان بەسەرهات و گێڕانەوەیە، بەشێوەیەکی ئاسایی و نەریتی و کەلەڕێگەیەوە کولتوورێکی دیاریکراو و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی پەسندەکات و ئەفسانە بەشێکە لە ڕایەڵەی بەستنەوەی زمان بە دەرەوەی زمانیی، چونکە واتاکەی وابەستەی بەهاو کولتووری کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەکی دیاریکراوە.

**8 ئایرۆنی:**

زاراوەیەکە کۆمەڵێك ئاماژەی جیاوازی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەیە: وەك کەرەستەی ڕەوانبێژی ئەدەبی، شێوازی ئەدەبی، ڕێگەی بەرجەستەکردنی ژیانکردنە، تێڕوانینێکی تەنزئامێزانەیە بۆ ناتەبایی یان پێچەوانەیی بیرەکان، کە تیایدا دەربڕاوێکی دروست و ڕاست بەهۆی دەوروبەرەوە واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە، وەك ئەگەر ڕۆژێك زۆر سارد بێت، دەڵێین ئەمڕۆ مێشوولەی نییە، کەواتە ئایرۆنی بەکاربردنی وشەو دەربڕاوە بە مانای پێچەوانەی خۆی.

**9 تەلمیح/ ئاماژەی ناڕاستەوخۆ/تیلە:**

ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بەبێ دیاریکردنی ڕوون و ئاشکراو و ئاشناکردن وناساندنی بیر، یان شتەکان،کە پەیامی ڕاستەوخۆ لەڕێی ئاماژەی ناڕاستەوخۆ و دەوروبەرەوە دەگەیەنن، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر یان پتەوکرکردنی بیرەکان..بەکاردەبرێت .

:10تویکڵەواتا: واتای نافەرهەنگی یان واتای ناپێتی دەربڕاوەکان، کەواتایەکی بارکراو و لاوەکی و زیادکردنە بۆ واتای فەرهەنگیی و بەدیارخستنێتی لە بەکارهێناندا، بۆ نموونە(شێر بۆ ئازایەتی پیاو)، لێرەدا واتای لاوەکی شێر کە( ئازایەتییە)و بەدیارخراوەو وروژێنراوەو بەسەر واتای سەرەکیدا کە (ئاژەڵ)ە، بەکاربراوە.

**10 گریمانەی پێشینە:**

یا (پێوابوون)، بریتیە لەو جۆرەی زانیاری کەبەهۆی وشەو دەربڕاوەکانەوە بەردەست نابن و بەهۆی زانیاری دەوروبەی وتنەوە هەڵدەگوازرێن، قسەکەر وا دەخەمڵێنێت، کە هەندێك زانیاری، یا پێشبینی هەیە، کە بەڕاستی داناوەو لەبەرچاویگرتووە، ئینجا ئەو دەربڕینەی دەربڕیوە، گریمانەی پێشینە لای گوێگرە و گوێکر هەڵیدەهینجێنێت وگرنگی ئەمە لەوەدایە، کە بەشێك نین لەواتای فەرهەنگیی وشەکان، بۆیە زیاتر لە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرن.


**11 نیشانەکان:**

نیشانەکان( Dixies) :، وشەیەکی (تایبەتە بە زمانەوانی) و لە یۆنانییەوە هاتووە، واتای دیارییکردن دەگەیەنێت لەڕێی زمانەوەو بەهۆی ئاخاوتنەوە دەریدەبڕین و هەموو ئەو ئامڕازو نیشانانەیە، کە کات و شوێن و کەس و نیشانەی کۆمەڵایەتی و دەق پیشاندەدەن. وەك: أ- نیشانە کەسییەکان: بەپێی دەوروبەرو (کەس و کات و شوێن) ی وتن، هەرجارەی نیشانەکان، بۆ کەسێك، یا ڕووداوێك، یا شتێك دەگەڕێنەوەو واتایان دەگۆڕێت و بریتین لە:- جێناوەکانی ئاماژەکردن.- جێناوە کەسییەکان (سەربەخۆو لکاو).- ناوی تایبەت.- ناوی خزمایەتی.- ناوی نازناو. نیشانەکان بەگشتی و جێناوەکانی ئاماژە بە تایبەتی، گرنگییەکەیان لەوەدایە، کە واتاکانیان لە کەرەستەکانی ڕستەکەوە بەدەستناهێنرێت، بەڵکو بەهۆی دەوروبەرەوە دیاریدەکرێت، ئەم واتایەش لە ئیدیۆمەکاندا هەمان شتە، وەك:

-بەو بایە دەژیم کە لای تۆوە دێت.

بڕوانە هێڵکاری(٥):

کەرەستەکانی دیاریکردنی واتای شاراوە




هێڵکاریی(٥) کەرەستەکانی دیاریکردنی واتای شاراوە

**2/1پراگماتیك و ئەدەب:**

چەند مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی هەن، ئەوەندە شێوازی دەربڕینی زمان هەیەو بەکارهێنەرانی زمان بەپێی مەبەست و نیاز و خواست و مەرامیان...، زمان بە جۆرەها ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئەنجامی جیاواز بەکاردەهێنن، یەکێك لە ڕێگەکانی بەکارهێنانی زمان ئەدەبە بەگشتی و ژانری شیعرە بەتایبەتی، هەرکات باس لەئەدەب بکرێت دەبێت باس لە زمانیش بکرێت، چونکە ئەدەب چنراوێکی زمانییەو زمان لە ئەدەب بهێنینە دەرەوە ئەدەب نامێنێت و ئەدەب سەرچاوەیەکی گرنگی گەشەی زمانە، سیمای ئاڵۆزیی و تێکچڕژاویی و سرکی زمان تانوپۆی شیعریشی بە قوڵتر گرتۆتەوە، بەوەی زمان یاساو دەستوری زمان و سازکردنی وشەو پەیوەندییە واتاییەکان...تاد ڕەچاودەکات و نایانبەزێنێت، بەڵام زمانی شیعر بە بەزاندنی پێڕەوی زمان و ڕۆنانی وشەکان و تێکشکانی پەیوەندیی واتایی ..دانراوە" شیعر شێوەیەکی دیمەنی ئاڵۆزیی و بزواویی بەکارهێنانی زمانە"( Olaleye،2015، 48).

لەمەشەوە زمانی ئەدەبی بە جۆرێکی زمان دەستنیشانکراوە. ئەدەب بەگشتی و شیعر وەك ژانرێکی ئەدەبیی بە بیرو سۆزو خەیاڵ و ئەندێشەو زمانێکی کێشداری سەروادار ناسێنراوەو شاعیر بە زمانێکی خوازەیی و هونەری جوانناسی و ڕەوانبێژیی و کارامەییەوە بیرەکان بەهێمادەکات و بەرجەستەییان دەکات "ئەدەب ، یەکێکە لە شێوەکانی گوزارشتکردنی مرۆیی لەهەموو ئەو سۆزو بیرو هەژان و هەڵچوونە مرۆییانەی کە بەشێوەیەکی باڵای نووسین، بەشیعربێت یان بە پەخشان دەردەبڕدرێت، ئەدەب پەیوەندییەکی توندی بە زمانەوە هەیە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بەرهەمی ڕاستەقینەی زمانی نووسراوو ڕۆشنبیرییەکی تۆمارکراوە"( حسێن، 2022، 137).

لە تیۆری زانستی درکپێکردنی/ ئاوەزداریی ئەدەبیدا، ئەدەب چۆنێتی وێناکردن و بەرجەستەکردنی خودییە بۆ ڕووداو و بابەت و دیاردەکان و کارلێککردنیانە و ئەمەش بە ئاوەزمەندیی ناسێنراوەو بۆیە ئەدەب "پێکهاتەیەکی ئاڵۆزو تێکچرژاوو بەیەکداچووەو بیرو بیرکردنەوەو تێرامانو ئەزموونو مەعریفەو دنیابینی خودیی تانوپۆی ڕایەڵەکانی دەنەخشێنو ڕەنگدانەوەی بەهای کۆمەڵایەتیو دیاردەی کۆمەڵایەتیو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵەنو لەمەشەوە ئەدەب بە ئاوێنەی دنیابینیو ئاوەزمەندیی نەتەوەو کۆمەڵوهۆشیارییان پەسنکراوە"( حسێن، 2021، 105)، چونکە ئەو زانیارییانەی کە سەرچاوەی بەهرەی بیری ئەدەبین لە زانیاری کەسی و زانیاری دەوروبەرەوە هەڵهێنجراون و بەمەش ئەدەب هەر لە چێوەی حەزو چێژو مەیل و ئامزوو...نامێنێتەوە و تێیدەپەڕێنێت و ئەمانە دەکاتە قاڵب و شێوگێك بۆ ئەو پەیك و پەیام و نیازانەی مەبەستێتی بۆ ئاگایی کۆمەڵەکەی بەیانیانبکات "ئەدەب گوزارشتکردنە لە بیری ئومەتو ژیانو بەهاکانیانو بە گوزارشتکردنێکی مێژوویی پێشکەوتووانە دەژمێردرێت، ئەدەب تەنها بۆ چێژو ئارەزوو نییە، بەڵکو ئامانجو مەبەستی ئاگایی نەتەوەییە"(حسێن، 2022، 142-143). بۆ پەیوەندی نێوان ئەدەب و پراگماتیك ، پێشنیازی مۆدێلەکانی پراگمازمانیمانکردووە و کردوومانەتە دەستکەلا بۆ شیکردنەوەی دەقی شیعری، بەپێی Miller (2005) ئەم مۆدێلی شیکردنەوەیە سێ خاڵ فەراهامدێنێت:

1 کردەی نووسینی نووسەرەکە ، شێوازی دانانی بیرەکان پەسندەکات.

2 گێڕەرەوەو کارەکتەرەکان کردەی قسەیی لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا بەئەنجامدەگەیەنن، وەك بیانووهێنانەوە، بیانووگرتن، نکۆڵیکردن.

3 خوێنەران لە کردەکانی فێرکاریدا وەك ڕەخنەگرتن، سەرنجدان، بڕیاردان ..بە وشەکان بەئەنجامدەگەیەنێت.

بەگوێرەی (Chapman ، 2011, 142)، یەکەم هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی پراگماتیك لە دەقی ئەدەبیدا پێویستی بە شیکاری گرایسی هەیە، گرایس پێیوایە هیچ کات ئاخاوتنەکانمان هەرەمەکی نین و هەموو دەربڕینێك مەبەست و ئامانجێکی لە پشتەوەیە. بنەماکانی گرایس بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی ئەم بەهایانەی هەیە، بەوەی بۆ پرۆسێسکردنی گوتاری ئەدەبی، لەسەر ئاستی ناوەوەو کارلێکی کارەکتەر- بۆ کارەکتەر، بۆ پرۆسێسکردنی تەواوی دەقەکە، بۆ کارلێکی نێوان نێرەرو خوێنەران و نێوان نێرەرو کارەکتەر، پێویستن.

(MacMahon ,2006 ,232) ، ئەدەب بەجۆرێك لە کردەی قسەیی پێناسەدەکات و( Fish،233 1980) لە کردەی قسەیی ئەدەبیدا هێڵێکی جیاکاری لەنێوان گوتاری ئەدەبی و گوتاری نائەدەبی دەکێشێت و لەیەکیان جیادەکاتەوە، (Van Dijk ,1980, 10)یش ئەدەب بەکردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ ڕاڤەدەکات، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆش بریتیە لەو کردە قسەییەی بەڕێگەی کردەیەکی تری قسەییەوە بەدەستدێت .

**2/2پراگمازمانیی چەمکی ژن لە شیعرەکانی مەولەویدا:**

ناوەڕۆکی دڵداری و سروشت یەکێك لە ناوەڕۆکە شیعرییەکانی مەولەوی پێکدەهێنێت و " بەگشتی لای مەولەوی دڵداری و جوانی ژن یەکتری تەواو دەکەن و سروشت هەوێنی شیعری دڵداری و جوانییە، لیریکی وا لای مەولەوی دەکەوێتە بەرچاو لایەنە دڵدارییەکەی دەشکێتەوە سەر لایەنی سروشتی و بە پێچەوانەش هەر ڕاستەو کارێکی ئاساییە"(خەزنەدار، 2003، 358) ، "مەبەست و ناوەڕۆکی شیعری مەولەوی لە چوارچێوەی نەخشەی شیعری کلاسیکی کوردی ناچێتە دەرەوە، ئەوانیش : شیعری ئایینی، شیعری سۆفیزم، پیاهەڵدان وشانازی ، دڵداری و سروشت ، ژیانی کۆمەڵایەتی، ماتەمنامەو لاواندنەوە، خەفەت و گلەیی و سکاڵا، بەگشتی لای مەولەوی دڵداری و جوانی ژن یەکتری تەواودەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لیریکی وا لای مەولەوی دەکەوێتە بەرچاو لایەنە دڵدارییەکەی دەشکێتەوە سەر لایەنی سروشت"هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەگشتی مەولەوی لە دیوانەکەیدا 213 غەزەل هەن، 175 شیعری بۆ وەسپی سرووشت و ڕەگەزو ..ە"( قادر،2007، 109)، تێڕوانین بۆ ژن لای مەولەوی جیاواز لە شاعیرانی تر لە دوو دیدگاوە سەرچاوەیگرتووە، ئەوانیش لیریکای فەلسەفی و عەشقی سۆفیانەو گەشتن بە مەعشوقی ڕەها لەلیریکای مەولەویدا "دڵشادی بە یارگەیشتن یان سووتان لەدووریدا، مەودایەکی ئەشقی سۆفیانەشی هەیە، کە شەیداییەتی سۆفییەکانە بۆ لە موتڵەقدا توانەوە، خوێنەر بە گوێرەی چێژو ئاوەزی دەتوانێ سوود لە شیعرەکان بەهەردوو پلانەکەوە چ وەك مەسەلەی ئەشقە تەقلیدییەکەو چ وەك لایەنە سۆفییەکەی وەربگرێ" سەرچاوەی پێشوو 2007 و دووەمیش خودی لیریکاو غەزلیی و ڕیالیستانە "مەولەوی بەشێوازێکی ڕیالیستانە بە جوانی ئافرەتدا هەڵیداوەو شیعرەکانی دەربڕی هەست و بۆچوونی مرۆڤی کوردن" هەمان سەرچاوە، 131، لێکدانەوەی ئەم دەقانە بۆ ئەزموونبەندکرنی ئەم گریمانەیەیە:

دەقی یەکەم: چون چیهرەی خەیاڵ

لەم شیعرەدا شاعیر بەشێوەیەکی بەرز وێنای جوانی جافزادەیەك دەکات، بە ئاوێتەکردنی وێنەی هەستپێکراوی شەنگی و شیرینی و شۆخی کچەکە لە واقیعداو چۆنێتی ڕەنگدانەوەی ئایدیالییانەی لە دڵی خۆیدا و وێناکردنی خەیاڵیدا تابلۆیەکی باڵای غەزەلی نەخشاندووە، ئیلهامی ئەم هەموو کارامەییەی مەلەوی لە فۆلکلۆرەوە سەرچاوەیگرتووە" بنەوانی غەزەلی گۆرانی ناچێتەوە سەر شیعری فارسی- عەرەبی، بەڵکو سەرچاوەکەی مەولەوی، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە" (قادر، 2007، 107)، بۆ لێکدانەوەی ئەم دەقە شیعرییانەی مەولەوی، کەڵکم لە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و پیرەمێرد وە. محەمەد سدیق موفتیزادە و محەمەد ئەمین ئەردەڵانی وەرگرتووە.

| | |
|---|---|
| چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش | وەك ڕووی خەیاڵی ڕوخسارەکەی خۆی |
| نەتۆی پەردەی دڵ (مەعدوومیی) دڵڕێش | لە دڵەی مەعدوومی دڵ پڕ ئێش و ئۆی |
| نمانا جەمین شای سۆسن خاڵان | ڕووی خۆی پیشان دا شای سۆسەن خاڵان |
| کەم کەم نە گۆشەی لای سیماڵان | کەم کەم لە گۆشەی لای سیماڵان |

ا.شیکردنەوەی سیمیۆپراگماتیکی ئەم دەقە:

بۆ ئەمە پێویستە دەقەکە بۆ وشە پێکهێنەرەکانی شیتەڵبکەین و لە پەیوەندی هەر هێمایەك بە هێماکانی ترەوە بکۆڵینەوە،لەم شیعرەدا (چیهرە: سۆسەن،سیماڵان:دڵی برینداری ڕەش، ناسکی: ئاوی حەیات..)، لێرەدا هیچ کام لەم وشانە بەواتای فەرهەنگی و ڕاستەقینەی خۆیان بەکارنەهێنراون، بۆیە هێماکان ئایکۆنین و هێمای وێنەیین و وێنەیەکی ئاوەزیی جیا لە وێنەی هۆشەکی خۆیان دەنەخشێنن،چونکە میتافۆرییانە ئەو وێنە ئاوەزییانەی نەخشاندووە کەلە پەیوەستکردنی نیشانە واتاییەکانی وشەکانەوە ڕەنێودەهێنرێن و شاعیر سەرپشکییانە هێماکاری کردووەو پەیوەندی واتایی نوێی بەهۆی بەدیارخستنی نیشانەی لاوەکی و دووەمی وشەکانەوە چنیوەو بەدیاریخستن بەسەر نیشانە واتاییە سەرەکییەکانی وشەکان، ئەمەش سەلیقەکاری و دنیابینی و پەیبردنی شاعیر بەرهەمیهێناون و بوونەتە هۆی خولقاندنی زۆر وێنەی داهێنەرانە"داهێنانی مەولەوی لەم شیعرەدا وێنەی زۆرە، یەکێ لەو وێنانە ئەوەیە شاعیر بووکی خەیاڵی خۆی دۆزیوەتەوە، واتە ڕووخساری ئەو کچەی لە پەنا ڕشماڵدا دەرکەوتووە، هەر ئەو وێنەیەیە لە دڵ و دەروونی شاعیر دروستبووەو بووکی خەیاڵی پێدەڵێن"( خەزنەدار، 2003، 375).

ب. شیکردنەوەی پراگماتیکییانە :

**1.بەپێی پۆلێنی ئۆستن:**

جۆری کردەی قسەیی وەسفکارەو هەم گوزارشتکاریشە، کەباس لە حاڵەتەکان یان ڕووداوەکان دەکات و قسەکەر پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەربڕاوەکەوە دەکاتەوە، وەك جەختکردنەوەی وەسفی ڕووی یارەکەی بە مانگ و شاگوڵ و لەوە وردتریش بە وێنەیەی چواندووە کەلەخەیاڵدان و دڵی ئەودا هەیە، یاخود دەربڕینی بارێکی دەروونی، کە شاعیر هەست و مەیل و ویستی خۆی دەربارەی جوانی ژن دەردەبڕێت.

ب. بەپێی بنەمای هاریکاریی: بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری سەرچاوەی لەدایکبوونی زمانی خوازەییەو شیعر شاجۆرێتی، ئەم دەقە بنەماکانی چۆنێتی و چەندێتی و شێوازی بەزاندووە، بەڵگەی ئەمەش بوونی خوازەو ئەفسانەو میتافۆڕو ئاماژەو لێكچواندن و ...تا، هەموو ئەمانە سەرچاوەی زانیاری زیادەو ناواقیعی و نافەرهەنگین و ئەمانەش پێوەری بەزاندنی بنەماکانن، بەواتایەکی تر ئەمانە چۆنێتی پرۆسێسکردنی بیرەکان لای مەولەوی پەسندەکەن، بڕوانە نموونەکانی سەرەوە.

پ. بەپێی پۆلێنی یول: هەمیشە زانیاریی بارکراو و نافەرهەنگی دەروویەکە بۆ بەناڕاستەوخۆیی گەیاندنی زانیاری و واتاکان، چونکە دەربڕاوەکانی وەك( چیهرە: سۆسەن،سیماڵان:دڵی بریندار‌ی ڕەش، ڕووی کچ: ئاوی حەیات..)، هیچ ئاماژەپێکردنێکی ڕوونی تێدا نییە، کەئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە ئایا ئەمە پێشبینیکردنە، یان تەنها هەواڵگەیاندنە یاخود ڕوونکردنەوەیە، پێویست بەوەدەکات لە دەوروبەروە هەڵبهێنجرێت، چەندین کردەی سەربار لە ڕستەیەك بارکراون‌و کە ناوەڕۆکی شیعریی دیاریدەکات وئەمەش کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ بەرجەستەدەکات. هەمیشە واتا نافەرهەنگییەکان ماتە واتاکانن، لێکچواندن و میتافۆڕو ئاماژەو ئەفسانە وێنەیەکی ناوازەی تری ماتەواتای ئەم شیعرەن و ئەویش "چواندنی دولبەرە بە ئاوی حەیات، بەوەی دولبەر ڕووناکییەو وەك ئاوی حەیات لە تاریکیدا دەژی و تاڵە ڕەشەکانی سەرو پووشینی یاری چواندووە بەو تاریکاییەی کە ئاوی حەیاتی تیایە"( خەزنەدار، 2003، 375)، ئەمەش تێکەڵکردنی ئەفسانەیە بۆ چڕکردنەوەو قووڵکرنەوەو هێزدارکردنی واتای دەربڕاوەکان .

پێشگریمانەی ئەم دەقە بەپێی دەوروبەرو واتابارکراوەکانەوە جۆرێك لە زانیاریمان دەداتێ کە جیاوازە لەو زانیارییانەی کەلە وشەو دەربڕاوو دێڕەکاندا هەن، بۆیە گۆڕینی زانیاری دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، چونکە ئەو واتایانەی وشەو دێڕەکان دەیبەخشن جیاوازن لەو واتایانەی لەگەڵ دەوروبەرەکاندا بەرهەمدەهێنرێن، ئەگەر بڕوانینە واتای فەرهەنگی هەریەك لە وشەکانی وەك:( چیهر: ڕوو، جەمین: ناوچەوان، سۆسەن: گوڵێکی پەمەیی تۆخە لە کوێستانەکاندا دەڕوێت، تا: تاڵ، لەتافەت: ناسکی، مەوج مەورەد: شەپۆلی ئەدا، سەوقات: دیاری...)، بەڵام لەم شیعرەدا بە واتای نافەرهەنگیان بەکاربراون، بەپێی دەوروبەری زمانیی و نازمانییەوە ئەو واتایانە دەبەخشن کە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بڕوانە:

سۆسەن: گوڵی پەمەیی → ڕووی یار

سیماڵان: ڕەشماڵ → دڵی بریندار‌ی ڕەشی مەعشوق

هێڵكاریی (٦)

دەقی دووەم: پەشێوی

ئەگەر لە ماتەمنامەو لاواندنەوە لای مەولەوی وردبینەوە بەر خەڵکی جیاواز دەکەوین ، لە ڕەگەزی مێ وەك ئامینەخانم، عەنبەرخاتوون و یەكێك لەوانەش پەریزادخانمە، شیعری پەشێوی شیوەن و لاواندنەوەیە بۆ پەریزادخانم، کە ژنی یەكێك لە بەگزادەکانی جاف بووە:

پەشێوی وەنەزم لوولووی ئەسرین دا ڕشتەی مرواری فرمێسکی شێواند

پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا لە دەورەی ڕۆژدا پەروین خۆی نواند

جای ناخوون وە خوون ئەو گۆنای بێ گەرد جێ ی نینۆك بە خوێن لە گۆنای بێ گەرد

ئیشارەت وەمانگ مەینەت دڵ کەرد مانگی بەسوور گرت دڵی ڕەش داگرت

ا. شیکردنەوەی سیمیۆپراگماتیك: لەم دوو بەیتەدا هێماکان ئایکۆنین، هێمای وێنەیین، چونکە وشەکان هەم وێنەی ئاوەزیی کە ئەو وێنەیەیە لەئەنجامی تایبەتییە گشتییەکان‌و سیفات‌و زانیارییە هەستییەکانەوە لەگەڵ هەبووەکەدا ڕەنێودەهێنرێت و هەم میتافۆرییە ، کە نواندنی تایبەتییە بەرجەستەییەکانی هەبووەکانە، بە نواندنێکی پەیکاڵیانە لە هەبوویەکی تردا بە واتای خوازەیی بەکاربراون، بڕوانە(لوولوو: مرواری، ئەسرین: فرمێسك، پەروین: ئەستێرە، خورشید: خۆر...)، ئەمانەی بە خوازەیی بەرانبەر فرمێسك داناوە، هەروەها لێکچوواندنی لە نێوان ڕووی ئافرەت و ڕۆژدا کردووە، ئاماژە بەوە دەدات کەلە خەفەتدا

ڕۆژی ڕویان زەرد بووە، ئەگینا ئەستێرە بە دەوری ڕۆژدا دەرناکەوێت، لێرەدا ڕاشکاوانەو پەنامەکییانەی ئەو وێنانەی دەربڕینەکان جۆرێك لە دیدگامان دەداتێ کە جیاوازن لەو وێنانەی بەهۆی واتای فەرهەنگی وشەکانەوە لامان دروستدەبێت، چونکە گۆڕینی پەیوەندی واتایی نێوان هێماکان گۆڕینی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە شاعیر تازێباری خۆی بەستۆتەوە بە سووربوونی مانگی یەکشەوە، ئەمەش لە سەرگوزشتەی ئەستێرەژمێرەکانەوە هێناوێتی، کە دەڵێن هەر مانگێکی یەك شەوە ڕەنگی سوور بنوێنی نیشانەی شەڕو شۆڕەو ئەمەش بەکارهێنانی هێمای سەرپشکییە، کە شاعیر ئەم پەیوەندییەی سەرپشکییانە بنیاتناوە بۆ ئاماژەدان بە حەسرەت و تازێباری.

ب. بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکیی:

1 **بەپێی پۆلێنی ئۆستن:** جۆری کردەی قسەیی گوزارشتکردنە، کە بریتیە لە دەربڕینی بارێکی دەروونی، کە قسەکەر هەست و مەیل و ویستی خۆی دەربارەی شتێك دەردەبڕێت.

**2 پەیوەست بە بنەمای هاریکاری گرایس، سێ بنەمای بەزاندووە:** ا.بنەمای چۆنێتی: ئەم بنەمایە دەڵێت: دەبێت زانیاری ئاخاوتنەکانمان ڕاستەو دروستبن‌و زانیارییەك مەڵێ کە گوماناوی یان بێ بەڵگەو ناڕاستبن، بروانە ئەو زانیارییانەی کە هەن لە واقیعدا نین و بە خوازەیی بەکارهێنراون.

ب.بنەمای شێواز، بە گۆڕینی شێوازی دەربڕین‌و دورکەوتنەوە لە ڕوونی زانیاریی ئاشکرانەکردنی لادانە لە بنەماکە، لێرەدا شاعیر زۆر کارامانە بە پەنامەکی و ناڕوونی و دەرنەخستنی ڕاستەوخۆ، هەستی غەمباریی و بێئۆقرەیی و پەژموردەیی خۆی بۆ لاواندنەوەی پەریزادخان بەیانکردووە.

پ.بنەمای چەندێتی، بەپێی ئەم بنەمایە دەبێت، زانیارییەکانی نێو ئاخاوتنەکانمان بەپێی پێویستی‌و بوارو بابەتی پەیوەندیگرتنەکەبێت، نەك زانیاری زۆر یان زانیاری کەم یان پەیوەستنەبوو بە پەیوەندییەکە بگەیەنین، ئاڵوگۆڕی زانیاریی دەبنەهۆی پەنامەکی دەربڕین و لێڵی و ناڕوونی لە ڕونکردنەوەی زانیارییەکاندا، بڕوانە هەموو ئەو چواندن و خوازەودروستکردنی پەیوەندی واتایی نوێیانەی لەنێو هێما زمانییەکاندا هەنو زانیاری زیادەن بۆ گوزارشتکردنی قوڵترو وردتری کۆستەکەی بەکاربردوون.

**3 بەپێی پۆلێنی یول :** لە جۆری کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە، چونکە ئەو واتابارکراو و ئەرکە سەربارانەی کە لەم شیعرەدا بارکراون مەبەستی ڕاستەقینەن، نەك خودی واتای فەرهەنگی و واتای بنەرەتی وشەکان و ئەمەش کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە، بڕوانە(لوولوو، پەروین، خورشید،قامەت، سەڵا،کاوە، حەیات، زوڵمات)،

ناڕاستەوخۆبوونیش واتا دەربڕینی بیرێکی ناڕاستەوخۆ بەهۆی بیرێکی ڕاستەوخۆوە ، کەرەستەکانی دیاریکردنی واتای شاراوەو پەنامەکی لەم شیعرەدا، بریتین لە: ا. میتافۆر: زەقکردنەوەو بەدیارخستنی واتایەکی ناباوی وشەیەکە لەباتی واتا فەرهەنگی و باوو دیارەکەی و بەشکردنێتی لەگەڵ هەبوویەکداو هاوتاکردن و بەراوردکردنییانە،بڕوانە نموونەکانی سەرەوە.ب. لێکچوواندن، لە لێکچوواندندا واتا نافەرهەنگییەکان دەبنە واتای ڕاستەقینەو مەبەستەکانی پێپەسندەکرێت.کە شاعیر زۆر بەهەرمەندانە مرواری و پەروین و خۆری بە فرمێسك و ڕووی ئافرەت بە ڕۆژ و ڕووی خوێناوی بە مانگی یەك شەوەی ڕەنگ سوور، بەرگی ڕەش بە ئاوی حەیات و کەعبەچواندووە. پ.ئاماژە:چنینسازییەکی باڵایانەی بۆ هێماکان کردووە، بڕوانە وشەی(قامەت)ئاماژەیە بۆ (قامەت)ی نوێژ و وشەی(سەڵا) ئاماژەیە بۆ نوێژ، کە سروتێکی تایبەتی بەر لەدەستپێکردنی نوێژە بە دەنگی بەرز دەخوێنرێت بۆ ڕاستبوونەوەی نوێژکەران، واتە وەك چۆن دوای قامەتکردن نوێژ دێت، ئەواش دوای قامەتی ئەو نازارە کۆچکردووەدا پۆشینی بەرگی ماتەم فەرزبووە.ت. ئەفسانەناسی: خودی ئەفسانە بەشێکە لە ڕایەڵەی بەستنەوەی زمان بەدەرەوەی خۆی و یەکانگیکردنی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاوەزمەندیی و بیروبیرکردنەوەو چۆنێتی تێفکرانی مرۆڤەکانە بە زمانەکەیانەوە، چونکە ئەمان زادەی بابەتەنازمانییەکانن، بۆبنەمای ئەفسانەش بڕوانە(مانگی بەسور گرت، سەرچاوەی حەیات)، واتە باڵای ئەو تازێبارانە بە بەرگی ڕەشەوە زۆرجوانە، لێیانگەڕێ با هەر ئەو بەرگەیان لەبەردابێت، ئەوان وەك ئاوی حەیات وان هەروەك ئەو لەتاریکیدایە(بەپێی ئەفسانەی کۆن) .

لەلایەکی ترەوە جگە لەخشکەیی دەربڕینی بیرەکان، گریمانی پێشینەشمان هەیە کە لەپشت هێماو وشەو دەربڕاوو ڕستەکانەوەیەو بەهۆی دەوروبەری ئەبستیمی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانیی و..دەبنە سەرچاوەی پێدانی زانیاری زیاترو لێکدانەوەکان

قوڵتر دەکەن ، کە توێکڵەواتاکان/ واتای بارکراو کۆمەکێکی باشمان دەکەن لە هەڵگواستنی واتاکان و ئەوەمان بۆ بەیاندەکەن ئەوەی کە ئەم شینە بۆ لاواندنەوەو ماتنامەی خاتوونێکی بەگزادەی جافە و لای مەولەوی سەنگ و قورسایی خۆی هەبووە.

دەقی سێیەم: شورای عاشوران

شورای عاشوران دیسان بەزمش بەست شوورای عاشوورا دیسان بەزمی، بەست

موحەڕەم ئاما مەحرەم شی نە دەست موحەڕەم هات و مەحرەم چوو لەدەست

ئەو خەریك نەچۆڵ شار عەدەمدا ئەو خەریك لە چۆڵ شاری عەدەم دا

من نە کەربەلای سارای ماتەم دا من لەکەربەلای دەشتی ماتەم دا

**1 شیکردنەوەی سیمیۆپراگماتیکی:** قورسایی و سەنگی ئەم شیوەنە لەو وێنانەوە دەردەکەوێت کە بەپێی جۆری هێماکان، "لە وشە کلیلییەکانی ئەم دەقەوە (عاشورا، مووحەڕەم، کەربەلا، یەزید، زیاد، سەر، لاشە) "( ساحێب، 2022، چاوپێکەوتن)، شاعیر کارامانە پەیوەندی سێ قۆڵی لێکچواندنی لە نێوان هێماو هێمابۆکراو وێنەی ئاوەزیدا نەخشاندووەو کەدەبێت بۆ بە ئایکۆنبوونی لەبەرچاوبگیرێن، هەم بە واتای فەرهەنگی بەکارهێنانی وشەکان، وەك(عاشورا: دەهەم ڕۆژی مانگی مووحەڕەمە، مووحەڕەم: یەکەم مانگی سەری ساڵی کۆچییە، کەربەلا: شارێکە لە ناوەڕاستی عێراق، یەزید: کوڕی مەعاوییە بووە،...)و هەم بە میتافۆری (مردنی عەنبەرخاتوونی بەمردنی حەزرەتی حسێنی شەهیدی کەربەلا چواندووە و..)، کۆست و خەفەتی خۆی بە سارایەکی غەم ئەوەندەی کەربەلا، کە لەڕۆژی شەهیدکردنی حەزرەتی حسێندا خەم و خەفەتی تیایە، هێندەی ئەوە ئەمیش تازێبارە و ئەم تازێبارەیەم تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت وەك شینی ئیمامی حسێن.

**1 شیکردنەوەی پراگماتیکی :**

ا. پۆلێنی ئۆستن: جۆری پابەندیی: وابەستەکردنی شاعیرە بەچەند کردەیەکەوە، کردەی قسەیی، وەك: پەیماندان، بەڵێندانی شاعیر کە پاش عەنبەرخاتوون واز لە ژیان بهێنێت و تەرکی دنیابکات، هەروەها جۆری پێڕاگەیاندنیشە بەوەی بانگەشەیە بۆ کردەیەك،کە دۆخی ئاخێوەر دەگۆڕێت، ئەویش پەیدابوونی خەمی زۆرە لە مەرگی یارەوەو تەنانەت خەرمانی عیرفانیشی تەفروتووناکردووە. جۆری گوزارشتکردنیش کە دەربڕینی بارێکی دەروونییە، کە شاعیر هەست و مەیل و ویستی خۆی دەربارەی مەرگی خۆشەویستەکەی بەیانکردووە، بە واتا شاعیر وەك وەسفکار پەسنی حاڵ وبارودۆخ و ڕووداوەکان دەکات.

ب. بنەمای هاریکاریی: بەزاندنی بنەماکانی هاریکاریی هۆکاری دروستکردنی پەیوەندی نوێیە لە نێوان پەیوەندی هێما بە هێمابۆکراوەکەی و بە هێمایەکی زمانی ترو پەیوەندی هێما بە دەوروبەرەکەیەوە، بۆیە هەموو ئەو وێنە داهێنەرانەی مەولەوی لەم دەقەدا کێشاونی بەڵگەی پابەندنەبوونە بەم بنەمایانەوە، بڕی ئەو زانیارییانەی کە بەچەمککراون و جۆرو چۆنێتی و شێوازی زانیارییەکان لە پێویستی بوارو بابەتی پەیوەندیگرتنەکە دەرچووە، ئەمەش چۆنێتی پڕۆسێسکردنی گوتاری ئەدەبی لەئاستی قووڵ/ ناوەوەی شاعیرو کاردانەوەی بۆ ئاستی ڕووکەش لای وەرگر دەنوێنێت.

پ. پۆلێنی یول: لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ شاعیر نەهاتووە باسی مەرگی عەنبەرخاتوون بکات و بە شینی حسێن و مووحەڕەم دەستپێکردووەو وێنەی تازێباری و غەم و مەینەت و بێئۆقرەیی شینەکەی خۆی بەم شینە دەچوێنێت و ئەمەش دەبێتە ناڕاستەوخۆ گوزارشتکردن و کە سروشی بە شاراوەیی دەربڕینی واتاکانە و بۆ ئەمەش هەمیشە میتافۆڕو ئەفسانەو گریمانەی پێشینەو واتای بارکراو و لێکچواندن و ... ئەو کەرەستانەی دەستی شاعیرن کە دەتوانن بەپێی دەوروبەری وتن و بۆنەی وتن و بارودۆخەکانەوە بەهۆیانەوە ئەو بیرانەی کە پێی مەستن بیخەنە چوارچێوەی هەڵبەستیانەوە، ئەمەش دەکەوێتە سەر لێهاتوویی و کارامەیی و سەلیقکاریی و عەقڵکاریی و وردی و بیرتیژی و...شاعیر، بۆ نموونە ساتی مردنی عەنبەرخاتوونی بەم لێکچوواندنە ئەفسانەییە هۆنیوەتەوە ومردن و ژیانی خۆیانی چواندووە بە پێکەوەیی قازو قوڵنان، "لە کوردەواریدا واباوە کە نێرەکەیان ئەگەر لە ئاسمان

بمرێت لەزەوی مێیەکە گیانی دەردەچێت، واتە دەبوو هەردووکمان پێکەوە بمردینایەو بۆچی بەتەنیا ڕۆشتیت"( ساحێب: 2022، چاوپێکەوتن):

قازان قەتاران، قوڵنگەن حەوایی

حەیفەن باڵاکەت شەو وە تەنیایی

خاڵێکی تر ئەوەیە کە مەولەوی عەنبەرخاتوون بە جیلوەی خودا دادەنێت و بەیانی ئەوە دەکات کە بەمردنی عارفبوونیشی تەفروتووناو لەقبووە، ئەمە ئەو دیدگا گەردوونییەیە کە مەولەوی بۆ ژن هەیبووە و ژن وەك "کۆدێکی عارفانەبووە لە دنیای سۆفینیزمی مەولەویدا، لای مرۆڤی عارف سروشت یەك پاکێجەو پاشای جوانی سروشت ژنە" (ساحێب، 2022، چاوپێکەوتن)بڕوانە:

گوزەرەکەی جیلوەی لەیل لەحەد بەدەر

شیوەنی مجنون تا یوم المحشر

هەروەها دەفەرموێت:

لەگەڵ مەرگی تۆ هێند خەم پەیدابوو

خەرمانی عرفان تەفرو توونا بوو

(1/3هەڵهێنجانی دنیابینی مەولەوی بۆ چەمکی ژن لەشیعرەکانییەوە:

ژن یەکێکە لەو بابەتانەی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا زۆرترین و بەربڵاوترین پانتایی لەخۆگرتووە، ئەمەش بۆ باڵایی بیرکردنەوەی شاعیرانمان دەگەڕێتەوە، کە بەدوو ئاراستە پێگەی ژن و تێڕوانینان بۆ ژن و ئەرك و مافی ژنیان بەیانکردووە: ئەوانیش:

یەکەم: باسیان لە هەموو ئەو تێڕوانین وبیروبۆچوونە هەڵەو نامرۆیانانە کردووە کە لەکۆمەڵدا هەبوون و دەستیان خستۆتە سەر دەرد و برینەکان و پاشانیش ڕێگەچارەو دەوایان پێشکەشکردووە، نموونەی ئەو بیرە چەوتانەش، وەك بڕوانە(حسێن، 2017):

1 ژن، وەك مرۆڤ تەماشانەکراوە، ژن وەك کۆیلەو بەندە تێیڕوانراوە.

2 ژن بە ناهۆشیارو نەخوێندەوارو ناڕۆشنبیردانراوە.

3 ژن نابێت سەربەستو سەربەخۆ بێت، نابێت خاوەن تێڕوانینو بیرو بیرکردنەوەو پەیام بێت.

4 بە نەرێنی ڕوانراوەتە چەمکی ژن لە کۆمەڵی ئێمەدا، ئەمەش بەتەواوی هەر بە لەدایکبوونی ڕەشبینیو بێزاراوییو خەمناکی لە خێزاندا دروستکردووە.

5 ژن وەك کاڵا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەویش لە پرسەکانی بەشوودانو ڕاوەرنەگرتن و گرنگی پێنەدانو.

6 ژن بە پلەدوو تەماشاکراوەو بۆی نەبووە هیچ جۆرە چالاکییەکی هەبێت.

7 ژن مامەڵەی بازرگانی پێوەکراوە، وەك دیاردەکانی مارەبڕینو شیربایی.

دووهەم: شاعیرانمان پزیشکی کۆمەڵایەتی و دەروونیی و مرۆڤناسی بوون، هۆشیارو زانابوون ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵەکەیان و بەرەو شارستانییەتچوونی وابەستەی پێگەی ژن و چۆنێتی ڕوانین لێیان و دەستخستنی ماف و مرۆڤانە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا کردووە، وردتر ئەم بیرکردنەوە باڵایانەیان لە شیعرەکانیاندا چنیوە.

مەولەوی یەکێکە لە ناودارترینی ئەو شاعیرانەی لەم بوارەدا بە بوێرییەوە تابۆشکێنی و ڕچەشکێنی کردووە، مەولەوی کەسێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بووە کە دەستی داوەتە شیعر، د. مارف خەزنەدار دەڵێت: " لە دوا سەفەری شاعیر لە دەوروبەری

ساڵی 1839 لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕەزاقولّی خانی کوڕی خوسرەو خانی والی و لەپاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی ئیلهام لە خەیاڵیدا دەکەوێتە جووڵە، هەستکردن بە گێتێتی گیانی سۆفیزم دەکەوێتە بزوتنەوەو لەو ڕۆژگارەدا کەسایەتی شیعری مەولەوی دروست دەبێت و لە دواۆژدا بەرهەمی شیعری دادەهێنێت"(خەزنەدار، 2003، 351)، واتە لە تەمەنی 33 ساڵیدا لێهاتوویی هونەرمەندیی شکۆفەدەکات و دەپشکوێت، هۆکارێکی تر ئەو بیرباوەڕ ئاینییەی مەولەوی پیادەیکردووە، سەرچاوەی جوانناسی و ئەدەب و بەهابووە و ئەم جگە لە سروشتی هەورامان و ژینگەو پەروەردەو دنیابینی و ...کە تانوپۆی بیرکردنەوەی مەولەوییان تەنیوە، پەیوەست بەژنەوە، بەپێی شیکردنەوەکانی (١/٢) ئەو بیرکردنەوە باڵایانەی مەولەوی بۆ ژن هەیبووە، بە پێدانی ئەم پێگانە بە ژن بەرجەستە دەبن:

**١. پێگەی یەکەم/ ڕوانینی مرۆڤانە بۆ ژن:** هۆنینەوەی شیعر بۆ ژن وەك دایك، هاوسەر و یار بابەتێکی نامۆ نییە، ڕوانینی مرۆڤانە بۆ ژن و بەشکۆ ڕوانین بۆ پێگەی ژن و تەماشاکردنی وەك دۆست و هاوڕێ و تەواوکاری نیوەکەی تری پیاو ، ئەمە داهێنان و گەورەیی و باڵایی مەولەویی دەردەخات و ئەوە دەسەلمێنێت کە مەولەوی ڕیفۆرمستێکی کۆمەڵایەتی بووە .

گۆشەی سیاماڵ هورداو دیاوە

چون مانگ نە گۆشەی هەوری سیاوە

بەخودا قەسەم پاسەم ئومێدەن

حور مقصورات فی الخیام ئێدەن

(چاوەڕوانی ژنێک بۆ هاتنەوەی یاری کاتێک گویی لە تەپەی وڵاخ بووەو سوچێکی ڕەشماڵەکەی لاداوەو چواندوێتی بە مانگ چۆن شەوی دەیجور تەیدەکات وچواندوێتی بە بەهەشت...)، واتەبەدەر لە ناسکی و جوانی ژن، بوونی ژن و کاریگەری و پێگەی کە بە نور و ئومێد و سەرچاوەی بەبەهەشتکردنی جیهانی پیاو بە تایبەتی و دنیا بە گشتی داناوە، بەکارهێنانی میتافۆرو ئاماژەی ناڕاستەوخۆو لێکچواندن و بەزاندنی بنەماکانی گرایس و...ئەو کەرەستانەن کە تانوپۆی ئەم وێنە ئایکۆنییە هونەرییە ناوازەییەی نەخشاندووەو نموونەی بەرجەستەی ئەم دنیابینییە باڵایەیە، کە ئاستی مرۆڤبوونیشی تێپەڕاندووەو پێگەی ئەهلی بەهەشتی پێبەخشیوە.

**٢. پێگەی دووهەم/ ژن سەرچاوەی ژیانو بوونە، ژنی بە ناسنامەو سونبول بۆ ژیاندۆستی وڕێبەروجڵەوگیری پیاو و ژیان داناوە، بڕوانە:**

| | |
|---|---|
| ڕۆ "حوسەین" ئاسا فەردا کە ڕۆ بۆ | ڕۆی حوسەینیمە بەیانیم لێ بێ |
| داخۆم سەر جە کۆ، لاشەم جە کۆ بۆ | ئاخۆ سەر لە کوێ و لاشەم لە کوێ بێ |

مامۆستا هومایۆن ساحێب لە لێکدانەوەیەکی جیاواز بۆ ئەم شیعرەدا دەڵێت:" مەولەوی خۆی و عەنبەر پێکەوە بە زیندوویی حسێن دەچووێنێت، واتە حسێن سەری عەنبەرەو لاشەکەی مەولەوییە و سەر ناسین و ناسنامەی مرۆڤەکانەو سەرت نەبێت کەس ناتناسێتەوەو لەمەشەوە وتراوە سەرناس ، بەواتا مەولەوی دەڵێت ناسنامەی من تۆیت و بەبێ تۆ من ناناسرێمەوەو واتای بوونم و ژیان وزیندەگیم وابەستەی تۆیەو بەتۆوە دەناسرام، کەتۆ ڕۆشتوویت بۆ شاری عەدەم منت لە سارای ماتەمدا بەجێهێشتووە، بۆیە من بێ تۆ دەمرم و نامێنم"( ساحێب،2022، چاوپێکەوتن).

بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە بە مردنی عەنبەرخاتوون هەموو بوونی مەولەوی گۆڕانی بەسەردادێت "مەولەوی لەگەڵ ئەوەی سۆفی بووە، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گۆشەگیر نەبووە، پێوەندی کۆمەڵایەتی زۆر بەرفراوانبووە، لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دڵکراوە بووە، دەم بەخەندەو قسەخۆش بوو)" (خەزنەدار، 352،2003) ، مەولەوی کەسێکی گەشبین و دڵئاوا بووە. ئەم سیفاتانەی کەسێتی مەولەوی لەدواساڵانی تەمەنیدا ئاوەژوودەبنەوەو مەولەوی بە کەسایەتی ڕەشبین و غەمبار و لێوبەبارو بێئۆقرەو نائومێدو...پەسنکراوەو یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەم باردۆخەی مەولەوی بۆ مردنی عەنبەرخاتوونی خێزانی دەگەڕێتەوە، تەنانەت نزای کوێربوون دەکات و بینایی چاوی بۆ بینینی عەنبەرخاتوونی ویستووە، ئەمە لەشیوەنی عەنبەردا بەیانیکردووە:

ئەی ڕۆشنی ی چەم! تاکەی ؟ تەشریف بەر        ئەی ڕووناکی چاو نامەوێی لاچۆ

لێڵاوی، سادەی! هووناوەی هوون کەر        لێڵایی، سادەی فەرموو وەرە تۆ

پەی چێش ؟ قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد        چونکو قیبلەکەم ڕۆیی بۆ سەفەر

سێڵاو دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد        دیواری هەستی خستوومە خەتەر

بینایی وە ڕاست دڵەی پڕ دەردم!        بینایی بە ڕاست دیدەی پڕ دەردم

ئای چەند سەرسەخت بیم لوای نەمردم        ئای چەند سەرسەختم دوای تۆ نەمردم

**٣ . پێگەی سێهەم/ هاوتاکردنی ژن بە دەستەڵاتداران و گەورەپیاوان:** شانازیکردن بە ژنەوە، ناوهێنانی ژن و پیاهەڵدان ولاواندنەوە بۆی لەوسەردەمەدا تابۆ بووە، "مەولەوی 28 لاواندنەوەی هەبووە، 8 بۆ عەنبەرخاتوون بووە" ( محەمەد، 2007، 148)، ئەگەر لە نموونەی شیعری لاواندنەوەی مەولەوی بۆ عەنبەرخاتوونی خێزانی وردبینەوە، دەبینین مەولەوی ڕچە شکێنی کردووە بۆ ئەوکاتە، چونکە هەم لاواندنەوە بۆ دەستەڵاتداران و پیاوی گەورەبووە و هەمیش بە دەگمەن یاخود بڵێین هەر نەبووە کە پیاو بۆ مەرگی ژنی خۆی بلاوێتەوە، بۆیە مەولەوی پێگەی عەنبەرخاتوونی باڵاکردووەو هاوشانی پیاوانی بەدەستەڵات و گەورەکان هێناویەتە مەیدانەوە، لەگەڵئەوانەشدا پێگەی عەنبەرخاتوون ئەوەندە باڵادەکات تا مەقامی بینیی عەشقی خودایی لێوەی، ئەمەش وایکردووە لەپاڵ مەولەوی عارف و زاهیددا ناوی عەنبەرخاتوون دێت و بە نەمری بمێنێتەوە. ئەمەش بەڕوونی لە لاواندنەوەکەیدا بەیانکردووەو مەولەوی ناوی خۆشەویستەکەی بە ئاشکرا هێناوەونەك هەر ناوهێنان، بەڵکو بەشکۆوە لێڕوانیوە تەنانەت گەورەیی عەنبەرخاتوون دوای مردنیشی سەرچاوەی بەهرەی شیعری بوون لای مەولەوی(ساحێب،2022، چاوپێکەوتن)، ئەم دوو غەزەلەی دوای مردنی عەنبەرخاتوون نووسیووە، غەزەلی (ئیمساڵ نەووەهار چون خەزان سەرد)و(دڵەی دڵ وە مەی مەیلی لەیلێ کەیل)، بڕوانە:

بۆی (عەنبەر) نەتۆی دەماخم دوورکەرد

فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد

**٤. پێگەی چوارهەم/ ژن نیشتمانە:** پێگەی ژن لای مەولەوی لەوەدا بەدەردەکەوێت کە تەنها ژن، هاوسەرو خۆشەویست نییە، بەڵکو نیشتمانە " خۆشەویستی شتێکی ئەبستراکت و ڕووت نییە، ئافرەتێکی بە خەیاڵی شاعیر خولقێنراو نییە، هاوسەری شاعیرە، ناوی عەنبەرخاتوون بۆتە ڕەمزی وەفاو خۆشەویستی و تەنانەت نیشتمانیشە"( قادر،2007، 152). گەورەیی و ڕێز و قەدرگرانی شاژنە عەنبەرخاتوون لای مەولەوی ئەوەندە باڵایە، دەڵێت:" نەك هەر لەژیانتدا بوونت سەرچاوەی ئاوەدانی و خوشەویستی و جوانیت، بگرە بۆیە دەمریت تا جارێکی تر لە بنەتۆوەکەت ژیان و ئاوەدانی و جوانی چەکەرەبکات و سەرهەڵبداتەوە" (ساحێب،2022، چاوپێکەوتن):

تۆوی سەرو و گوڵ وەنەوشەو سونبل

عەزرائیل بردی چەندی یە ناو گڵ

دیسان ئەگەر قیس بەمە دارابێ

بەهارێك دەبێ چەمەن ئارا بێ

داهێنانێکی تری مەولەوی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توانوێتی واقیع (بەیەکەوەبوون، بەیەکگەیشتن، بەخشش، هاوسەربوون،...)، بکاتە ڕەگەزێکی کاریگەرو وێنەی هونەری شیعری لیریکی کە بونیاتی غەزەل و ڕۆمانتیک پێکدەهێنیت، پێینەخشێنیت ، پێچەوانەی (ناکامی، نائومێدی، بەیارنەگەیشتن، دابڕاوی، دووری،...)، ئەم کارامانە وێنەی شیعریی لە خەیاڵکردنەوە بە واقیعکردووەو بەرجەستەیکردووە، ئەمەش وایکردووە وێنەشیعرییەکانی داهێنراویی بیروبیرکردنەوەو تێرامان و درککردن و پەیبردنەکانی بن.

٥. پێگەی پێنجەهەم/ گەردوونیانە ڕوانین بۆ ژن: ژن و شکۆی ژنی ئەوەندە باڵایانە نرخاندووە، نە تەنها وەك کائینێکی مرۆیی بگرە پلەو مەقام و پێگەی تیشکدەرەوەی عەشقی خودایی پێبەخشیوە، ، لاواندنەوە لای مەولەوی جیاواز لە شاعیرانی تر دوو ئاراستەی وەرگرتووە:ا. ئەم ناوەڕۆکە چۆتە "لیریکای فەلسەفییەوە، شاعیر دەیەوێت بەهۆی هێزی عەقڵەوە، پەی بە تەلیسمی ژیان و مردن ببات و سنوری نێوانیان بکێشێت و لە بەیارنەگەیشتنی ئەبەدی بگات"( محەمەد، 2007، 148). بۆیە عەنبەرخاتوون بە عارفبوون هاوتا دەکات، عەشقی ژن ڕاهێنانکردنە بۆ عەشقی خودایی (ساحێب،2022، چاوپێکەوتن) ب. ئەم ناوەڕۆکە وەك لیریکا و غەزەل بەیانی هەست و باڵایی بیرکردنەوەو تێڕوانینی کەسیی وەك مرۆڤ لە خودی ژن کردووە.

ئەنجام:

.1بۆ دەرخستن و بەیانکردنی گەورەیی پێگەی ژن ، مەولەوی لە هۆنینەوەی زمانی شیعرەکانیدا، وێنەی هونەریی، وێنەی تایبەتیی واقیعی داهێنراوی خۆین و ئەمەش لەڕێی ئەو وێنە ئاوەزییانەی لە بە ئایکۆنبوون و ئاماژەکانەوە بۆ ئێمەی نەخشاندووە، کە ئەمەش بنەمای سیمیۆپراگماتیکی زمانیی شیعری مەولەوی پەسندەکات.

.2مەولەوی ڕچە شکێن و دژەباو بووە لە پرسی ژندا، بۆ ئەمەش بتوانێت ئەم بیرانە بەرجەستەبکات، بە بەزاندنی بنەماکانی هاریکاریی(کە لە زۆرینەی بنەماکان لایداوە) و بە ناڕاستەوخۆ گەیاندنی واتاو میتافۆرییانە دروستکردنی پەیوەندی واتای نوێ و کردەی قسەیی پابەندیی و گوزارشتکارو وەسفکارانە، توانیوێتی تێروانینی باڵایانەی خۆی لەڕێی واتا بارکراوو تویکڵەواتاکانەوە و بەلێکچوواندنی بە ئەفسانەو کولتوورو بە پێشگریمانەکان بیانخاتەڕوو.

٤. بەپێی دەستنیشانکردنی کەرەستەکانی دیاریکردنی واتای شاراوە، لە شیعرەکانی مەولەویدا، بەوەی زۆرترین کەرەستەی بەکارهێناوە بۆ بە پەنامەکی دەربڕینی دنیابینی خۆی، وەک( میتافۆر، هێماسازی، ئەفسانە، تویکڵەواتا، لێکچوواندن، گریمانەی پێشینە، نیشانەکان، تەلمیح...)، ئەمەش ئاماژەیە بۆقوڵی و وردیی و گەورەیی و زرنگیی و باڵایی لە بیرکردنەوەی شاعیردا.

٥. دنیابینی مەولەوی بۆ ژن، لەم پێگانەدا پوختکراونەتەوە:

ا. ڕوانینی مرۆڤانە بۆ ژن. ب. ژن ، سەرچاوەی ئاوەدانی و خوشەویستی و جوانییە. پ. پێگەی ژنی هاوتای کەسانی بەدەستەڵات و گەورەو مەزنەکان کردووە. ت. ژن نیشتمانە .ج. گەردوونیانە ڕوانین بۆ ژن.

سەرچاوەکان:

یەکەم/ بە زمانی کوردی:


1. ئەحمەد، نەوزاد عەلی ، 2022، ئایکۆنی بەرهەنگاری لە هەموو گۆڤاری (نووسەری کورد)و(نووسەری کوردستان)، دکتۆرانامە، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.
2. پیرەمێرد، 1993ڕۆحی مەولەوی، چاپی سێیەم.
3. حسێن، شیلان عومەر ، 2017، لێکسیکۆسیمانتیکی وشە لە ئەدەبی کوردیدا، زانکۆی ڕاپەڕین.
4. حسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر ، 2022، ئەدەبیاتناسی کارەکی، سلێمانی.
5. خەزنەدار، مارف ، 2003، مێژووی ئەدەبی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
6. ساحێب، هومایۆن، 2022، بەرنامەی خەڵوەت، کەناڵی تەلەفزیۆنی پەیام.
7. محەمەد، ئەنوەر قادر ، 2007، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی – بە دیالێکتی گۆرانی(هەورامی)، چاپی سێیەم/، سلێمانی.
8. مەحموود، ئاڤێستا کەمال ، 2006 ، پراگماتیکی ڕستەی فەرمان و پرسیار لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.
9. مودەریس، مەلا عەبدولکەریم، 1378، دیوانی مەولەوی، چاپی چوارەم، سنە.
10. موفتیزادە، محەمەد صدیق، 2017 ، دیوانی مەولەوی، ئامادەو پێداچوونەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، سلێمانی.

دووهەم/ بەزمانی ئینگلیزی:

1. .D.Abbas Jalal Ali, , A Pragmatic Analysis of Implied Meaning in Selected Poems by T.S. Eliot and Al-Sayyab..Sausen Faisal El-Samir

2. Abdugaffarova G.A., 2011, THE MAIN AREAS OF INVESTIGATION OF PRAGMALINGUISTICS, UNIVERSITY, TASHKENT, REPUBLIC OF UZBEKISTAN.

3. Allahverdiyeva A.M.,2020, General Pragmalinguistic Overview of Some

Lexical, Syntactical and Rhetoric Units in, Argumentation, Faculty of Philology and journalism.

4. Azerbaijan University of Languages

5. Batool Arif Khniab, 2023, A Pragmalinguistic Study of COVID-19 in Selected English Posters, Ministry of Higher Education and Scientific Research University of Kerbala

6. Haugh, M.; Kádár, D.Z.; 2021, Terkourafi, M, Introduction: directions in sociopragmatics.

7. Fareed Hameed Al-Hindawi , 2021وLiterary Pragmatics, Department of English, College of Education for Human Sciences,University of Babylon, Hilla, Iraq.

8. Sausen Faisal El-Samir, A Pragmatic Analysis of Implied Meaning .

9. Mariam D. Saffah, Department of English, College of Education, Islamic University Hilla, Iraq

10. Walter de Gruyter, Pragmalinguistics: Theory and Practice Jacob L. Mey, Editor Mouton Publishers, The Hague, 1979, 444 pp., DM 76, ISBN 90-279-7757-7. (Dist: & Co., New York)

الخلاصة

ان هذه الدراسة تؤطر كيفية ايجاد و وصف دور علم اللغة البراگماتية بشكل عام والسيميو براگماتية بشكل خاص في النصوص الأدبية، وتحليل كيفية استخدام اللغة لنقل المعنى. ان البراگماتية والأدب يشتركان في علاقتهما بمستخدمي اللغة وطريقة استخدام اللغة وكيفية إيصال المعنى، وهذه هي نقطة التقاء هذين التخصصين، لذا تعنى هذه الدراسة بتنقيب وفحص لغوي براگماتي لمفهوم المرأة في اشعار الشاعر (مولوي) حسب مبادئ علم اللغة البراگماتية، و وصف افعال وردود افعالها، وان تلقي الضوء على المعاني الخفية وراء كلمات ومصطلحات وسطور هذه الاشعار التي يشير الشاعر بطريقة غير مباشرة إليها، وسيكون ذلك ممكنا عن طريق مجموعة من مؤشرات لغوية براگماتية، لأن علم اللغة البراگماتية هو علم لغة النص وهو العلم الذي يدرس مدى ارتباط الرموز اللغوية باستخدامها. ومن هذا المنطلق فان هذه الدراسة، حسب النظرية السيميو براگماتية في علم الادبيات التطبيقية بشكل عام، وفي نص شعر مولوي بشكل خاص، تهدف إلى دراسة والقاء الضوء على الأبعاد النفسية والمعجمية والثقافية والاجتماعية والتربوية وغيرها المنتشرة بغزارة في بنية و تركيبة شعر مولوي، وان تصف الدراسة عن طريق ذلك نظرة وتفكير الشاعر حول مفهوم المرأة.

وتحقيقا لهذه الغاية نطرح فرضية البحث بالتساؤلات التالية: ما هو علم اللغة البراگماتية؟ كيف يتم تحليل النص الشعري وفق السيميو برگماتية؟ لماذا تؤثر العوامل البيئية مثل (مناسبة الكتابة والزمان والمكان والمتكلمون والغرض والنية والرغبة) على فعل الإنتاج اللغوي وفعل التفسير اللغوي؟ والى اخره.

وسنطرح عدة مسائل أخرى خلال التحليلات، ونحاول اختبار فرضية البحث بالتبرير العلمي. ان المادة البحثية عبارة عن نص مولوي الشعري وقد تم استخدام المنهج الوصفي التحليلي لاستشفاف المسار البحثي.

## Conclusion

This study frames how to find and describe the role of pragma-linguistics in general and semio-pragmatics in particular in literary texts, and analyzes how language is used to convey meaning. Pragmatism and literature share their commonality in their relationship with language users, the way language is used, and how meaning is conveyed, and this is the point of intersection of these two disciplines. Therefore, this study is concerned with exploring and examining a pragma-linguistic examination of the concept of women in the poetry of the poet (Mawlawi) according to the principles of pragma-linguistics, and describing its actions and reactions, shedding light on the hidden meanings behind the words, terms, and lines of these poems that the poet indirectly refers to, which will be possible through a set of pragma-linguistic indicators, because pragma-linguistics is the science of text's language and it is the science that studies the extent to which linguistic symbols are related to their use. From this standpoint, this study, according to the semio-pragmatic theory in applied literature in general, and in the text of Mawlawi's poetry in particular, aims to study and shed light on the psychological, lexical, cultural, social, educational, and other dimensions that are abundantly spread out in the structure and composition of Mawlawi's poetry, and through this; to describe the poet's view and thinking about the concept of women.

To this end, we pose the research hypothesis with the following questions: What is pragma-linguistics? How is the poetic text analyzed according to semio-pragmatics? Why do environmental factors such as (the occasion of writing, time, place, speakers (interlocutors), purpose, intention, and desire) affect the act of linguistic production and the act of linguistic interpretation? And so on.

We will raise several other issues during the analyses, and we will try to test the research hypothesis with scientific justification. The research material is Mawlawi's poetic text, and the descriptive analytical method has been used to explore the research path.